# بۆپێشەوە

FORWARD

بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە

ساڵی هەشتەم ژمارە (185) بەرواری 15-2-2025

بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە

مانگی دووجار، لە (1)و (15) هەموو مانگێکدا دەردەچێت


## دیموکراسی: لێکدانەوەکان و واقعیەت

گفتوگۆی ئەنتەرناسیونال لەگەڵ مەنسور حیکمەت...ل9


بەشی پانزەهەم و کۆتایی

## وتەی ژمارە

## بزوتنەوەی نارەزایەتی مامۆستایان و فەرمانبەران چۆن بەسەرکەوتن دەگات؟

بەدژی نەدان و دواخستنی دابەشکردنی موچەکان، دانەمەزراندن، ڕاگرتنی پلە بەرزکردنەوە، پاشەکەوت و لێبرینی موچە، جارێکی مامۆستایان و فەرمانبەرانی ناچارکردووە دەست ببەن بۆ کۆبونەوە، بایکۆت، مانگرتن، چادر هەڵدان، خۆپیشاندان و دەربڕینی نارەزایەتی فراوانی جەماوەری.

بزوتنەوەی نارەزایەتی ئەمجارەی مامۆستایان و فەرمانبەران کە درێژکراوەی بزوتنەوەی نارەزایەتی فراوانی خەڵکی کوردستانە، زۆر زوو هەموو حزب و لایەنە سیاسیەکانی هێنایە پشتی خۆی. تەنانەت حزبە دەسەڵات بەدەستەکان ئەوانەی کە خۆیان هۆکاری دزین و بەتاڵانبردن و بە بارمتەگرتنی قوتی هاوڵاتیانن،



فرمێسکی درۆینە بۆ مامۆستایان و فەرمانبەران هەڵدەوەرێنن. پارتی بۆ خۆدزینەوە لە وەڵامدانەوە بەخواستی رەوای مامۆستایان و فەرمانبەران هۆکاری دواکەوتنی موچە دەخاتە ئەستۆی بەغدا، تا لەو ڕێگایەوە هەم شانی خۆی لە وەڵامدانەوە بە بەرپرسیاریەتی خاڵی بکاتەوەو هەم تورەیی نارەزایەتی حەقخوازانەیان ئاراستەی بەغدا بکات. یەکێتی نیشتیمانیش کە هەم بەشێکی دەسەڵاتی هەرێم و لایەنێکی حکومەت!! و تاکە دەسەڵاتی زۆنی سەوزە، لە پێگەی ئۆپۆزیسیۆن بووندا پشیوانی لە داخوازی مامۆستایان دەکات، لە لایەکەوە بۆ خۆدزینەوە لە بەرپرسیارێتی و خۆهەڵواسین بە نارەزایەتی مامۆستایان و فەرمانبەران لەدژی پارتی و لەلایەکی تریشەوە بۆ کەڵک لێوەرگرتنی لە پرۆسەی پێکهێنانی کابینەی نوێ حکومەتدا!!.

بەم شیوەیە چ پارتی و چ یەکێتی، بەکردەوە تا ئێستا هیچ بەڵێنیکیان بە نارەزایەتی مامۆستایان و فەرمانبەران نەداوەتەوە و لە جێگای ئەوە یەکێتی وەکو ئۆپۆزیسیۆنی پارتی لە پیگەی دەسەڵاتی زۆنی سەوزدا، هۆکاری نەبوونی موچە و دواخستنی دەخاتە سەرشانی پارتی و دەیەوێت ئەم بزوتنەوە نارەزایەتییە تا ئەو کاتەی لە سنوری کۆنترۆلکراودایە بەدژی پارتی کەڵک لێوەربگرێت. پارتیش کە لەلایەکەوە لە ڕێگای زەبرو زەنگ و ترساندن و زیندانەوە ڕیگەی لەوە گرتووە مامۆستایان و فەرمانبەران لە زۆنی زەرد کۆببنەوە و خۆپیشاندان بکەن، بەغدا بە هۆکاری نەناردنی موچەو شایستە داراییەکانی هەرێم تۆمەتبار دەکات. بە کردەوە یەکێتی پارتی ئامادە نین لەو داهاتەی لە بەغداوە دێت و بەو داهاتانەی لە ناوخۆی کوردستان و لەزۆنەکانی دەستیان دەکەوێت چ لە ڕێگای باج و رسومات و چ لە ڕێگای دزینی نەوت و خاڵە سنوری و گومرگیەکانەوە، موچەی مامۆستایان و فەرمانبەران بدەن و بەرپرسیاریەتی هەڵبگرن.

بۆ لاپەڕە 2

## پشتیوانی هاوڵاتیان و دوکاندار و کاسبکارانی سلێمانی لە نارەزایەتی و مانگرتوان... ئەزمونێکی نوێی هاوپشتی!



داخستنی زوربەی زۆری دوکانەکانی سلێمانی یان باشتر بلێین مانگرتنی پشتیوانی کاسبکار و دوکانداران بۆ ماوەی سەعاتێک لە مامۆستایان و فەرمانبەران و نارەزایەتیەکانیان، ئەزمونێکی نوێ و داهێنانی شکۆدارە لە بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەری خەڵکی کوردستاندا.بە دەنگەوە هاتنی هاوڵاتی و دوکاندارانی سلێمانی بە داواکاری ژمارەیەک لە ڕێکخراوەی مەدەنی بۆ

بۆ لاپەڕە 3

## پارتی تاکەی دەتوانێت لە ڕێگای سەرکوت و تۆقاندنەوە ڕێگە لە بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەری بگرێت!



لەگەڵ دوبارە دەستپێکردنەوەی نارەزایەتی مامۆستایان و فەرمانبەران بۆ موچە و پلەبەزکردنەوەو دامەزراندن... کە لە زۆنی سەوزدا "چادری شکۆ" ومانگرتنی دەستی پێکرد، وە جەماوەری ناوچەکە بەگشتی لە ڕێگای کۆبونەوەو خۆپیشاندانی گەورەی کۆمەڵایەتی پشتیوانیان لە مانگرتوان کرد لە پێناو داخوازییەکانیاندا. لە زۆنی زەردا کە نارەزایەتی لێوان لێوەو مامۆستایان وفەرمانبەران هەمان

بۆ لاپەڕە 3

## لەم ژمارەیەدا ئەم بابەتانەش دەخوێننەوە:


- ترسی پارتی لە خۆپیشاندانی مامۆستایان و بەردەوامی لە ملهوڕی...................ل4
- پرسی ڕۆژ ژمارە نارەزایەتییەکان و هەمواری یاسای باری کەسێتی لەخۆگرتووە....ل5
- خۆپیشاندەران دەستیان لەپشتە.........................................................ل6
- هۆکاری سەرنەگرتنی نارەزایەتییەکانی کوردستان...................................ل6
- لە هەمەدەی شوباتەوە تا ئێستا.........................................................ل7


## یەکەمین کۆنفرانسی ڕێکخراوی کوردستانی (کۆنگرەی ئازادی و گۆڕانکاری) بەسەرکەوتوویی کۆتایی بەکارەکانی هێنا!..ل12

## دۆسیەی ژمارە "نارەزایەتی و مانگرتنی مامۆستایان و فەرمانبەران و ئایندەی ئەم بزوتنەوەیە"

## هاوڕێ نەغدە عوسمان وەڵامی پرسیارەکانی داوەتەوە

ل10-11-12



ل8

کۆشەی ئەدەب و هونەر

ل5

پرسی ڕۆژ

## دڕێژەی وتەی ژمارە

بۆ ئەوەی خەڵکی کوردستان بەگشتی و مامۆستایان و فەرمانبەران بتوانن لە ڕێگای بزوتنەوەی حەقخوازانەو شۆرشگێرانەی خۆیانەوە دەسەڵاتی سیاسی هەرێم بخەنە ژێر گوشار و ناچاریان بکەن بەرپرسیاریەتی هەڵبگرن و موچە و دامەزراندن و پلە بەرزکردنەوە و لانی کەمی خزمەتگوزارییەکان دابین بکەن، پیویست دەکات ڕێگاکانی سەرکەوتنیان دیاری بکەن.

**ڕێکخراوبوون:**

هەنگاوێکی چارەنووساز کە دواخستن هەڵناگرێت ڕێکخراوبوونە. لە دڵی نارەزایەتی و کۆبونەوەو مانگرتن و بایکۆتدا لە کەشی گشتیدا□سەرەتا پێویستە ئەم کۆبونەوە و مانگرتن و بایکۆتە بگوازرێتەوە بۆ گەرەک و ناوەندەکانی کار و قوتابخانەو زانکۆ و پەیمانگاکان. پێویستە گۆرەپانەکانیان بکرێنە سەکۆی ئاڵوگۆڕی بیروراو، چ کردن و وەڵامدانەوە بەرێگریەکان و نارۆشنیەکان و گرنگی ڕێکخراوبوون. لە کۆبونەوەی گشتی هەر کام لەم بەشانەدا مامۆستایان و فەرمانبەران پێویستە نوێنەری راستەقینەی خۆیان، کە بەرگری لە ویست و خواست و داوا رەواکانی مامۆستایان بکات هەڵبژێرن، بێ گوێدانە بیروباوەرو ناسنامەی حزبی و ئایدۆلۆژی. ئەو هەنگاوە پیویستە ببێتە ناوکۆکەی پێکهێنانی ڕێکخراوی سەراسەری و سەربەخۆیی مامۆستایان، ڕێکخراوەی بەشەکانی فەرمانبەران و خوێندکاران و لە قوتابخانەو پەیمانگا و زانکۆکان....تاد دیارە بە ئاسۆیەکی رۆشنەوە. ڕێکخراوێک کە لەهەموو ئەو شوێنانە ئیرادەی راستەوخۆی مامۆستایان و فەرمانبەران و خوێندکاران لە بەرامبەر بە دەسەلات و ئۆپۆزیسیۆنی سازشکار نوێنەرایەتی بکات. نەبوونی ڕێکخراوی سەربەخۆ بە ئاسۆی رۆشنی خۆیەوە لەو جێگایانە بۆ بەرگری لە خواست و مافەکانی مامۆستایان و فەرمانبەران و خوێندکاران... لاوازیەکە کە توانایی پیویست و فراوانیانی پەکخستووە و ریزەکانی شەقار شەقار کردون. داخوازی و مافەکانی مامۆستایان و فەرمانبەران و دەربرینی تورەیی و نارەزایەتی و کۆبونەوە و مانگرتن و بایکۆتی ڕێکخراو ئامانجدارانە لە پێناو داخوازیەکانیاندا، لە نەبوونی ڕێکخراوێکی سەربەخۆی خۆیاندا، توانایی مامۆستایان فەرمانبەران و هیزی بەرگری و هێرشکردنیانی سنوردارو پەک خستووە. هەر ئەمەشە وای کردووە دەسەڵات لەبەرامبەر هەلومەرجی سەخت و ژیان و داخوازیەکانیاندا، لاباک و کەڕو کوێر بێت.

**هاوپشتی:**

بە جیا لە پێداویستی ڕێکخراوبوون و یەکگرتووبوون و پاراستنی ریزی سەربەخۆ، بەدەستهێنانی پشتیوانی و هاوپشتی کرێکاران و کارمەندان و خوێندکاران و کەس و کاری خوێندکاران، بۆ خواستەکانیان، یەکێکی ترە لەو مەسەلانەی کە پێویستە بزوتنەوەی نارەزایەتی مامۆستایان و کارمەندان لێی بەهرەمەند بن. ئەگەر بەسەدان قوتابخانە دەوام تیایاندا راگیراوە، بەهەزاران هەزاران مامۆستا دەستیان داوەتە کۆبونەوەو مانگرتن و بایکۆت. ئەوا سەدان هەزار خوێندکار لەچاوەروانی گەرانەوەدان بۆ دەوام□ ئەو سەدان هەزار خوێندکارە، بە تایبەتی خوێندکارانی ناوەندی و ئامادەیی و پەیمانگاو زانکۆکان، لەشکرێکی زۆر گەورەن و پێویستە بچنە پشت داواو داخوازییە رەواکانی مامۆستایان و لە پاڵیاندا بوەستن. بەدەنگی بەرز پشتیوانی لە داخوازیەکانی مامۆستایان و فەرمانبەران بکەن□ هەروەها کەس و کاری خوێندکاران، دایک و باوک و خوشک و کەس و کاریان، پێویستە ئەمانیش بەریزی ئەم لەشکرەوە پەیوەست بن. چوونی خوێندکاران و کەس وکاریان بۆ پشت داخوازیەکانی مامۆستایان و فەرمانبەران و پشتیوانیکردن لێیان چ بە وەستان لەپاڵیان بێت، یان بە شێوازی تری گونجاو، دەتوانێ دەسەڵاتی کەڕو کوێر□ بخاتە ژێر گوشاری جەماوەری گەورەترو فروانترو بیانخاتە لەرزە. هەروەها پشتیوانی کرێکاران و ناوەندە کرێکاریی و بەرهەمهێنەکان لە مامۆستایان و فەرمانبەران چ بە ناردنی پەیام و دەستەی نوێنەرایەتی و چ بەدەستدانە کۆبونەوە و مانگرتن و کار راگرتن□ هێزێکی زۆر گەورە دەبەخشێت بە بزوتنەوەی نارەزایەتی مامۆستایان بۆ داسەپاندنی خواستەکانیان بەسەر دەسەڵاتدا□ پاراستنی ریزی سەربەخۆ و هەڵبژاردنی نوێنەرانی واقعی و ئازادانە کۆبونەوەی گشتی مامۆستایان و فەرمانبەران لە شوێنی کاری خۆیاندا، تا دەگاتە بەرچاو رۆشنی لە چونیەتی بەدەستهێنانی داخوازیەکان□ دەتوانێ هاوکار بێت بۆ راکیشانی پشتیوانی چینی کرێکارو توێژەکانی تری کۆمەڵگە، لە داواو ویستەکانی مامۆستایان و فەرمانبەران. چینی کرێکارو رابەرانی بزوتنەوە کۆمەڵایەتیەکانی تر نابێ ڕێگەبدەن، مامۆستایان و فەرمانبەران وەکو توێژێکی کۆمەڵایەتی بە تەنها بن بۆ بەدیهێنانی داخوازییەکانیان.

**داخوازی مامۆستایان و فەرمانبەران رووی لە کێیە:**

مامۆستایان، وەکو توێژێکی بەرینی کۆمەڵایەتی، ئاگان بەوەی هەرێمی کوردستان دەمێکە کراوەتە دوو زون، لە ژێر قەڵەمرەوی دوو پارتی سیاسیدا. کە زونی زەردو زونی سەوزو لە ئێستادا نیلیش بەشێکە لە زونی سەوز. ئەم دوو زونە پاوانی دوو حزبی سەرەکی پارتی و یەکیتیە. کە هەر یەکەیان دەسەڵاتی بەسەر زونی خۆیدا بە پشتیوانی وڵاتانی ناوچەکە و خۆبەستنەوە بەسیاسەتی رۆژی زلهیزەکانی دنیادا، داسەپاندووە. بەو راستیە سادانەوە، بەرپرسی زونی زەرد پارتی و بەرپرسی زونی سەوز یەکێتیە. کە هەرکام لەم دوو پارتە، هەموو جومگەکانی دەسەڵاتداریتی سیاسی و ئابوری و ئیداری و ئاسایش و زونی ژێر دەسەڵاتی خۆیانیان بەدەستەوە گرتووە. بەو مانایە یەکێتی بەرپرسی زونی سەوزو پارتی بەپرسی زونی زەردە. نارەزایەتی و خۆپیشاندان لە زونی زەردا دەبێ روو لە پارتی و لە زونی سەوزدا رووی لە یەکێتی و نیلی بێت. ناکرێ ڕێگە بدرێت یەکیتی نیشتیمانی، شانی خۆی لە داخوازییەکانی کرێکاران و کارمەندان و مامۆستایان و فەرمانبەران لە زونی سەوز خاڵی بکاتەوە و رووی نارەزایەتیە رەواکانی زونی سەوز ئاراستەی پارتی بکات. بە پێچەوانەشەوە نارەزایەتی و نەفرەتی کرێکاران و کارمەندان و مامۆستایان لە زونی زەردا، دەبێ روو لە پارتی بێت و نابێ لەژێر هیچ بیانویەکدا ڕێگە بدرێت پارتی شانی خۆی لە داواو داخوازیەکانی خەڵکی زونی زەردا خاڵی بکاتەوە و بەرپرسیاریەتی ئاراستەی دەسەڵاتی زونی سەوز بکات. یەکێتی و پارتی هوشیارانە دەیانەوێت ئاراستەی نەفرەت و تورەیی جەماوەری بەلارێدا ببەن و شانی خۆیان خاڵی بکەنەوەو بیخەنە سەر یەکتری، تا دەسەڵاتی خۆیان لە زونی خۆیان پارێزراو بێت و لە گوشاری جەماوەری نارازی بە دووربن. داخوازیەکانی خۆپیشاندانە نارەزایەتیەکانی کارمەندان و مامۆستایان و فەرمانبەران لە زونی سەوزدا، رووی لە یەکێتی نیشتیمانیی و هێزە بەشدارەکانی دەسەڵاتە لەو ناوچەیەدا. پارێزگاری سلێمانی نوێنەری دەسەڵاتی سیاسییە و نوێنەری خەڵکی شاری سلێمانی نییە، تا بکرێت تەتەر بۆ گەیاندنی داخوازیەکانی زونی سەوز بە دەسەڵاتی زونی زەرد، لە ژێر ناوی ئەوەی حکومەت لە هەولێرە. نە حکومەتێک لە دنیای واقعیدا بوونی هەیەو نە پەرلەمانێک□ ئەمە درۆیەکی هێندە گەورەیە هەموو کەسێکی هوشیار دەیزانێت. بۆیە کرێکاران و کارمەندان و جەماوەری نارازی لە زونی زەردا، رووی داواو داخوازییەکانیان و نەفرەتیان لەپارتی و لە زون سەوزیشدا لە یەکیتی نیشتیمانییە و دەبێ ئەوان وەڵام بدەنەوە. داهات و دەسەلات و سەرکوت و بێمافی، هەر زونێک لەدەستی حزبی باڵادەستی ئەو زونەدایە.

**ئۆپۆزیسیۆنی بۆرژوازی کورد و نارەزایەتییەکان:**

ئەو حزب و ڕێکخراوانەی کە پێشتر و بەر لە کابینەی حکومەتی بنکە فروان!! خۆیان بە ئۆپۆزیسیۆن دەزانی□ وە پاشان چوونە ناو حکومەتی بنکە فراوانەوە، ئێستا لە هەلومەرجی مایەپوچی و حکومەت و پەرلەمانەکەیاندا، کە لەکۆمپانیایەکی دابەشکردنی پۆست و سامان، زیاتر شتێکی تر نەبوو□ ئەندام پەرلەمان و بەرپرسەکانیان، بەهەموو تەسەلیەکی ژیانی شاهانەیانەوە، خەریکی کڕوزانەوەو خۆ هەڵواسینن بە بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەری کوردستانەوە. دەچنە ریزی مامۆستایان و فەرمانبەرانی نارازی بۆ موچە. لەپاڵ مانگرتنی فەرمانبەراندا خۆیان غەمبارنیشان دەدەن. ئەم جەنابانە نەک بۆ بۆموچە و دامەزراندن و پلە بەرزکردنەوە و هەڵوەشاندنەوەی سیستەمی پاشەکەوتی موچە، یان بۆ وەرگرتنی موچەی فەرمانبەران لەکاتی خۆیدا، بەڵکو بۆ ئەوەی نارەزایەتی جەماوەری بکەنە دەستمایەی سیاسی بۆ گەرانەوەیان بۆ کۆمپانیای حکومەت و پەرلەمانەکەیان لە هەولێر، فرمیسکی درۆینە دەرێژن. کرێکاران و کارمەندان و مامۆستایان، نابێ ڕێگە بدەن ئەم خێڵە سازشکارە، خۆیان بە ویست و خواستەکانیانەوە هەڵبواسن. ئەمانە لەهەر زونێک بن، بەشێکن لە دەسەڵاتی دزو گەندەڵ و مافیایی ئەو زونەی ئێستای بزوتنەوەی کوردایەتی. لە سنوری زونی سەوزو نیلیدا، جگە لە یەکێتی نیشتیمان هەموو ئەو حزبە هێزە بۆرژوازیانە و بەپرسەکانیان بەرپرسن لە دۆخی ناهەمواری کرێکاران و کارمەندان و مامۆستایان و نابێ ڕێگەیان پێبدرێت شانی خۆیان لەو بەرپرسیاریەتیە خاڵی بکەنەوەو خۆیان وەکو دەم راست و غەمخۆری ئۆردوی نارازیان نیشان بدەن. بێگومان لە زونی زەردیشدا بە هەمان شێوە، ناکرێت ئەو حزب و ڕێکخراوانەی لەو زونەدان لەو حکومەت و پەرلەمانەدا بوون، ئێستا ڕێگەیان پێ بدرێت خۆیان بە نارەزایەتی خەڵکی ئەو زونەوە هەڵبواسن و خۆیان لەو هەموو سەرکوت و نابەرابەری و تاڵانیە، بێ بەری بکەن□.

**داخوازیەکانی ئێستا چین؟**

شک لەوەدا نییە□ بەهۆی نابەرابەری و دزی و تاڵانی ئاشکرا و دەسەڵاتی مافیایی و میلیشیایی بزوتنەوەی کوردایەتیەوە، خەڵکی کوردستان لە دۆخێکی تابڵێی ترسناک و نەخوازراودایە□ هەموو ئەو پیداویستیانەی بۆ تاک و کۆمەڵ و ژیان کردنێکی تەندروست پێویستن□ لە خزمەتگوزارییە سەرەتاییەکانەوە وەکو ئاو کارەباو سوتەمەنی□ تا دەگات بەسەرەتاییترین مافە فەردی و مەدەنیەکان و ئازادییەکان□ تا دەگاتە زەوتکردنی بەری رەنجی خۆیان کە موچەیە□ لێیان زەوتکراوە. بۆیە داواو داخوازیەکانی خەڵکی کوردستان یەکجار زۆرن□ بەڵام لە ئێستادا مەسەلەی دابەشکردنی موچە لەکاتی خۆیدا، پلە بەرزکردنەوە و دامەزراندن، هەڵوەشاندنەوەی سیستەمی پاشەکەوتکردنی موچە□ سەرەکیترین داخوازی بەشی هەرەزۆری کرێکاران و کارمەندان و مامۆستایانی کوردستانە.


کرێکاران و کارمەندان و مامۆستایان و فەرمانبەران، دەبێ بە هوشیاری و چاوی کراوەوە تەماشای ململانێی حزبەکانی دەسەڵات و فریوکاری هیزە بۆرژوازییە ئۆپۆزیسیۆنەکان بکەن و بڕوانە ئەم ریزە لە سواڵکەرانی سیاسی و چاوچنۆکی سەرمایە لە کوردستاندا. نابێ ڕێگە بدەن داواو ویستە بەرهەقەکانی خۆیان تێکەڵ بە بەرژەوەندی جیای ئەم حزبانە ببێ، کە دورو نزیک پەیوەندی بە خواستەکانی خەڵکی کوردستانەوە نییە. هەڵوەشاندنەوەی سیستەمی پاشەکەوتکردنی موچەو دانی موچە لەکاتی خۆیدا و پلە بەرزکردنەوە و دامەزراندن□ داخوازیەکی رەواو سەرەکی ئێستای بزوتنەوەی نارەزایەتی مامۆستایان و فەرمانبەرانی کوردستانە. پێداگری لەسەریان، بە وەسیلەی ڕێکخراوبوون و بەرچاو رۆشنی و بە ڕیزی سەربەخۆیی خۆیانەوە، هەروەها بە پشتوانی بەشەکانی تری کۆمەڵگاوە، دەتوانرێ سەرکەوتن زامن بکات.

**عەبدوڵا مەحمود**

# درێژەی: پشتیوانی هاوڵاتیان و دوکاندار و کاسبکارانی سلێمانی لە نارەزایەتی و مانگرتوان... ئەزمونێکی نوێی هاوپشتی!

داخستنی دوکانەکانیان بۆ ماوەیەک وەکو پشتیوانی لە مانگرتوان و داخوازییەکانیان... نیشانەی روو لە پێشی بزوتنەوەی نارەزایەتی و گرتنەبەری رێگا و شێوازی تری خەباتە. دەست بردن بۆ ئەم ئەلگۆیە بۆ پشتیوانی بزوتنەوەی نارەزایەتی مامۆستایان و فەرمانبەران، هێمایەکی رۆشنە بۆ رەوایەتی داخوازییەکان و لێکهەڵپێکرانی داخوازییە گشتییەکانی جەماوەری نارازییە لەگەڵ خواستەکانی مانگرتوان.

ئەم پشتیوانییەی جەماوەرییە و داخستنی دوکان و بازار، یانی واوەتر رۆشتن لە خێمەیەکی مانگرتوان وەکو نیشانەی نارەزایەتی مامۆستایان و فەرمانبەران. یانی مامۆستایان فەرمانبەران تەنها نین و لەوەش زیاتر هاوچارەنووسن لەگەڵ سەرجەم جەماوەری بێبەشی کوردستاندا. ئاخر ئەگەر مامۆستایان و فەرمانبەران موچەکەیان دوادەخرێت و نادرێت، یان پلە بەرزکردنەوەیان نییەو دامەزراندن وەستاوە، ئەوا دوکاندار و کاسبکارانیش بەدەست باجی هەمە چەشنی ئەو دەسەلات و گرانییەوە، دەناڵێین.




هاوپشتی بزوتنەوە کۆمەڵایەتیەکان لە یەکتری، هەم جوڵانەوە جیاوازەکان بەهێز دەکات و هەم لینکی هاوبەشی داخوازییەکانیان بەیەکەوە ئاوێزانی یەکتری دەکات. جیا لەوانە نیشانەی یەکگرتوویە. ئەم هەنگاوەی کاسبکار و دوکاندارانی سلێمانی بە پشتیوانیان لە بزوتنەوەی رەوای مامۆستایان و فەرمانبەران، هاوکات بانگەوازێکە بۆ بەشەکانی تری کۆمەڵگە، لەوانەش کارگەو ناوەندە کرێکاری و خزمەتگوزارییەکان بەوەی کە ئەوانیش پشتیوانی خۆیان بە راگرتنی کار ئەگەر بۆماوەی کورت و رەمزیش بێت، بۆ بزوتنەوە کۆمەڵاتیەکانیان رابگەیەنن، تا گوشارەکان بۆسەر دەسەلات هەمەلایەنە بێت. ئەگەر دەسەڵاتی سیاسی هەست بکات تەنها لەگەڵ مامۆستاو فەرمانبەران بەرەو روو نییە، بەڵکو هاوکات رووبەرووە لەگەڵ چینی کریکار و باقی توێژە بێبەش و پیشەیەکانی تر، کاریگەری گەورەتر لەسەر خۆی دەبینێت. جیا لەوانە بوونی پشتیوانی لە بزوتنەوەی مامۆستایان و فەرمانبەران، ئیرادە و ورە دەبەخشیت بە خەباتی رەوایان و ئاستی خەباتەکەیان دەباتە سەرەوە.

ئەم جوڵانەوە پشتگیرییە، نەک تەنها لە زۆنی سەوز، بەڵکو کاریگەری لەسەر دەسەلاتی زۆنی زەردیش دادەنێت و دەبێتە ئەزموونێک بۆ سەرجەم بزوتنەوەی نارەزایەتی حەقخوازانە لەسەراسەی کوردستاندا.

## لە بۆپێشەوەوە

* بابەتەکانی بۆپێشەوە، جگە لە"گۆشەو تەوەرەی تایبەت" بەگشتی تەعبیر لەخەتی سیاسی و فکری و دونیابینی کۆمۆنیزمی مارکس و کۆمۆنیزمی کرێکاری دەکات.

* بۆ پێشەوە، هیچ بابەتێک بڵاوناکاتەوە، کە پێشتر لەشوێن وکەناڵی بیناراو وبیستراو و نووسراودا... بڵاوبوبێتەوە.

* بابەتی بڵاوبووەوە لە بۆپێشەوەدا، ئەوکاتە لەلایەن خاوەنەکەیەوە مافی بڵاوکردنەوەی هەیە، کە لە بۆپێشەوە بڵاوبوبێتەوە. راسپاردەی بۆپێشەوەیە، کە خاوەنی بابەتەکە ئاماژە بەناو و ئەو ژمارەی بۆپێشەوە بدات، کە بابەتەکەی تیادا بڵاوبۆتەوە.

* درەنگ ناردنی بابەتەکان، لەکاتی راگەیەندراوی خۆیدا، شانسی بڵاوبونەوە لەدەست دەدات

* ئەولەویەت بۆ بابەتی کورتە.

# درێژەی: پارتی تاکەی دەتوانێت لە رێگای سەرکوت و تۆقاندنەوە رێگە لە بزوتنەوەی نارەزایەتی بگرێت!

داخوازییەکانی مامۆستایان و فەرمانبەرانی سلێمانیان هەیە، لەلایەن پارتییەوە نەک رێگەیان پێنادرێت نارەزایەتییەکانیان بهێنە سەر شەقامەکان و کۆبونەوەو مانگرتن و خۆپیشاندان بکەن و کەشی گشتی کۆمەڵگە لە ئاستێکی بەرینی کۆمەڵایەتیدا بخرۆشێنن و ئەو بێمافییە رابگەیەنن... بەڵکو لە رێگای هەرەشە، زیندانی کردن، دەست بەسەر کردن، میلیتاریزەکردن، هەرچی رێگای تری سەرکوت هەیە، رێگا نادەن ئەو دەنگە وە قوڵپ کەوتووە جەماوەییەی زۆنی زەرد بەگشتی و مامۆستایان و فەرمانبەران بە تایبەتی نمایشی خۆی بکات... لەوە زیاتر رێگە لەوە دەگرن خۆپیشاندان و نارەزایەتی مامۆستایان و فەرمانبەرانی زۆنی سەوز بچیتە شاری هەولێرەوە!!




پرسیار ئەوەیە پارتی تاکەی دەتوانێت بە پاساوی جۆراو جۆر، رێگە لە نارەزایەتی و کۆبونەوە و خۆپیشاندان و مانگرتن بگرێت؟ تا کەی دەتوانێت ئەو هەموو نارەزایەتی و تورەییە جەماوەرییە، سەرکوت بکات؟

گومان لەوەدا نییە، نە پارتی و نەهیچ هێزێکی تر ناتوانێت هاوار و نارەزایەتی رۆژ بەرۆژی روو لەسەری دژ بە دەسەلات، کلۆم بدات. هیچ هێزێک ناتوانێت تەنها لە رێگای نمایشی سازکراوی "بژی دەسەلات" و "بژی سەرۆکدا"، لە دەسەلاتدا بمێنێتەوە. پارتی و سەرجەم دەسەلاتە سەرکوتگەرەکان، ئەزموونی سەرکوتی بێ پەردەیان هەیە، کە چۆن لە پڕێکدا تەقیوەتەوەو هاتۆتە مەیدان و هاوکێشەی نێوان دەسەلات و جەماوەری قلْپ کردۆتەوە. تەنانەت ئەو هێزە چەکدار و ئەمنیانەی کە ئامرازی سەرکوت بوون بوونەتە ئامرازی خستنی دەسەلات و بە جەماوەری نارازی و شۆرشەکانەوە پەیوەست بوون و تۆمەتبارانیان دواتر سزا یەخەی پێگرتوون.

پارتی نە لە ژێر دەسەلاتی خۆیدا رێگە دەدات خەڵک نارەزایەتی دەرببرێت و نە رێگا دەدات لە جێگای ترەوە خۆپیشاندان و نارەزایەتی بۆ بگوازرێتەوە... نە ئامادەشە لە رێگای وەلامدانەوە بەخواستی جەماوەریدا بەرپرسیاریەتی نیشان بدات و بەدەنگ داخوازی نارازیان و پێداویستەکانی کۆمەڵگەوە بچێت. هەر ئەو پارتییە کە ئاوا بۆتە قارەمان و رەمزی سەرکوت و بەرگرتن بە دەنگی حەقخوازنەی جەماوەری، لە بەرامبەر بە هەرەشەو هێرشی هیچ هێزێکی دەرەکی و هیچ گروپێکی لە شیوە داعشدا، نەک ئامادەیی بەرگری نەبووە، بەڵکو هاوکاری کردن و بێدەنگە هەڵبژاردن یان راکردن و بە قوربانی کردنی خەڵکی سفیل و بێتاوانی کردۆتە کارنامەی خۆی.

پارتی دەبێ ئەو راستییە بزانیت، کە رۆژێک دێت لەناکاو ئاپۆرەی جەماوەری لەناو خودی زۆنی زەرد و هەولێردا، خۆی نمایش دەکات، نەک تەنها بۆ داخوازی و مافە زەوتکراوەکان، بەڵکو بۆ تۆڵە کردنەوە لەو سەرکوتەش کە زیاتر لە سێ دەهە پیادەی دەکات و دەنگە ئازاد و نارازی و ئازادیخوازەکان... کپ دەکات.

## تەمەنی یاسایی کامڵبوونی جنسی بۆ ژن و پیاو ١٦ ساڵە. پەیوەندیگرتنی جنسیە کەسانی گەورەساڵ (سەرووی تەمەنی یاسایی کامڵبوون)، لەگەڵ کەسانی خوار تەمەنی یاسایی، تەنانەت ئەگەر بەرەزامەندی خۆشیان بێت، قەدەغەیە و بەتاوان دەژمێردرێت...



# ترسی پارتی لە خۆپیشاندانی مامۆستایان و بەردەوامێتی لە ملهوڕی بەسەر خەڵکی کوردستاندا

## نووسینی: عامر سابیر

لە ڕۆژی یەکشەمە ٩ ی شوباتی ٢٠٢٥ لەسەر بانگەوازی "ئەنجوومەنی سەرتاسەری مامۆستایان و فەرمانبەرانی ناڕازی" بۆ پشتیوانی مانگرتووانی خێمەکەی سلێمانی، سەدەها مامۆستا و فەرمانبەر لە شارەکانی کوردستانەوە، بە زیاتر لە ٥٠ پاس چوون بەرەو هەولێر، بۆ پشتیوانی لە داوا ڕەواکانی مانگرتووان کە سەرەکیترینیان بریتی بوو لە پێدانی مووچە و پلە بەرزکردنەوە.

مامۆستایان و فەرمانبەران بە نیازی چوون بۆ بەردەم ئۆفیسی نەتەوە یەکگرتووەکان و گەیاندنی داوا سەرەتایی و بەرحەقەکانیان بەرەو هەولێر چوون. بەداخەوە لە بازگەی دێگەڵە پارتی دیموکراتی کوردستان ڕێگەیان لێدەگرن و پێشتر هێزێکی پڕچەکی زۆر ئەهێنن کە لەپشت گردەکانە حەشاریان ئەدەن. هەروەها شۆفڵ و کرەین گابەردی گەورە گەورەیان هێنابووە سەر جادەکە و نەیانهێشت هیچ ئۆتۆمبێلێک تێپەرێت بەرەو هەولێر. مامۆستایانی ناڕازی بۆ پوچەڵکردنەوەی ئەم ڕێگرییە ستەمکارانەیەی پارتی، لە ئۆتۆمبێلەکانیان دێنە خوار و بەو سەرمایە ئەیانەوێ بە خۆپیشاندان و پیادەڕەوی بەرەو هەولێر بڕۆن، بەڵام بەداخەوە ئەمنەکانی بارزانی و پیاوانی دەزگا سەرکوتکەرەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان زۆر دڕندانە بەردەبنە گیانیان و دەکەونە تەقەکردن و ژەهر و گازی فرمێسک دەڕێژن بەسەریاندا و تەندروستی بەشداربووان تێکدەچێ و چەندین مامۆستا ئەبوورێنەوە و دەست و قاچیان ئەشکێ و ڕێگەنادەن کە بڕۆن بەوەو هەولێر.

پارتی لە کاتێکدا ڕێگرە لە چوونی مامۆستایانی ناڕازی بۆ هەولێر، بەهەمان جۆر لە ناوخۆی هەولێریشدا فەزای سەربازی و سەرکوتکەرانەی سەپاندبوو، وە هەڵسوڕاوان و نوێنەرانی مامۆستایانی ناڕازی دەستگیر کردبوو، لەوانە بۆ نموونە مامۆستا عەلی ڕەئوف نووێنەری گشتی مامۆستایانی گرێبەست، وە ڕێگری لەهەر کۆبوونەوەیەک کردبوو کە بۆ هاودەنگی لەگەڵ مانگرتوەکانی سلێمانیدا بەنیازبوو بەڕێبخرێ.

نێچیرڤان بارزانی و مەسرور بارزانی ناوچەی زەرد و هەولێریان کردووە بە زیندانێکی گەورە و ئازادیان تیادا خنکاندووە و بە دڕندانەترین شێوە هەر دەنگێکی نارەزایەتی تیادا سەرکوت دەکەن. پارتی زەندەقی چووە لە بچوکترین خۆپیشاندانی هێمنانەی خەڵکی ناڕازی کوردستان و لەسەر زاری پارێزگاری هەولێرەوە خۆپیشاندەران بە میوانی ڕەزا قورس وەسف ئەکەن و خۆیان بە خانەخوێ. لەلای بنەماڵەی بارزانی سەرۆکی تورکیا (ڕەجەب تەیب ئەردۆگان)ی فاشیست و تیرۆریست میوانی ڕەزا سوکە و بە تیشکی لەیزەر وێنەی گەورەی بۆ دروست ئەکەن لەسەر دیواری قەلا، بەڵام خەڵکی ناڕازی کوردستان بە میوان و ڕەزا قورس ناوئەبەن.

لە ڕۆژی یەکشەمە ٢٨ی جەنیوەری ٢٠٢٥ەوە، سیازدە مامۆستا و فەرمانبەر لە ژنان و پیاوان، لە شاری سلێمانی لەبەردەم ئۆفیسی نوێنەرایەتی نەتەوە یەکگرتووەکاندا خێمەیان هەڵدا و مانیان لە خواردن گرت. ئەم مانگرتنە ١٥ ڕۆژی خایاند، تا لە ڕۆژی سێشەمە لە ١١ی فێبیوەری ٢٠٢٥دا لەسەر داخوازی جەماوەری ناڕازی کوردستان و بە پشتیوانی و مانگرتنی دووکانداراني شاری سلێمانی و هەڵەبجە لە نارەزایەتی و ئاپۆرەیەکی جەماوەری فراواندا مانگرتنەکەیان شکاند. مانگرتووان داخوازییەکانیان لە چوار خاڵی سەرەکیدا بەیان کردبوو کە بریتیی بوون لە (پێدانی مووچە هەر ٣٠ ڕۆژ جارێک، پێدانی مووچە لە بەغداوە بە تەوتین، گێڕانەوەی پارە پاشەکەوتکراوەکان و پلە بەرزکردنەوە یان دەستپێکردنەوەی سەرەمووچە و بەرزەمووچە بۆ مووچەخۆران). ئەم داواکاریانە هێندە سادە و سەرەتایین کە لە کوردستانی ژێر دەسەڵاتی ئەم مافیا و میلیشیایانەی ناسیۆنالیزمی کورددا نەبێت، لە هیچ شوێنێکیتر مووچەخۆران بۆ دەستەبەرکردنی ناچار بە خۆپیشاندان و مانگرتن ناکرێن.

دەسەڵاتدارانی کوردستان ئەوەندە لە خەڵک دوورکەوتوونەتەوە کە زۆر بچووک بوونەتەوە و لەچاو ون بوونە. بۆیە خەڵکی نارازی و مامۆستایان و فەرمانبەرانش نایانبینن و ناچارن کە خۆپیشاندان و مانگرتنیان ببەنە بەردەم نەتەوە یەکگرتووەکان. ئایا دەسەڵاتی میلیشیایی کوردایەتی پارتی و یەکێتی پێیان وایە تا کەی ئەتوانن هەر ئاوا نارەزایەتی خەڵک و داوا ڕەواکانیان پشتگوێ بخەن و بەردەوام بن لە هەڵلوشینی داهاتی کۆمەڵگە و دەستبەسەراگرتنی قوتی کرێکاران و تێکشکاندنی ئیرادەی خەڵک و سوکایەتیکردن بە دانیشتوانی کوردستان؟

ئومێد خۆشناو پارێزگای هەولێر وتی کە خۆپیشاندەران مۆڵەتیان وەرنەگرتووە! ئیتر بەم بیانووە پووچە خۆپیشاندان بەنایاسایی دەناسێنی. لە هەموو شوێنێکی دونیادا جگە لەو شوێنانەی کە دیکتاتۆری وەک بارزانی دەسەڵاتیان زەوتکردووە، بۆ خۆپیشاندان جگە لە تەلەفۆنێک بۆ پۆلیسی هاتووچۆ، کە ئەگەر شوێنەکە پێویستی بوو تا ئاراستەی ئۆتۆمبیلەکان بگۆڕێ و سەلامەتی خۆپیشاندەران بپارێزرێ، ئیتر هیچی تر پێویست نییە. خۆ مەسرور بارزانی و ئومێد خۆشناو پێشتر زانیبوویان کە مووچەخۆرانی ناڕازی بەڕێوەن بۆ هەولێر، ئەبوایە لەجیاتی ناردنی هێزی پڕچەک و ناردنی شۆفڵ و سڵینگ بۆ داخستنی جادەی دێگەڵە بە گابەرد، لە هەولێر ئاسانکاری و ئامادەباشیان بکردایە بۆ پێشوازی کرێکارانی ناڕازی.

ئەم ڕەفتارە ستەمکارانەیەی پارتی کە لە ١١/٢/٢٠٢٥دا لە دێگەڵە کردی، پێشتریش لە ١٩ی دیسەمبەری ٢٠١٢ دا، دەرحەق بە خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان ئەنجامیدا(١). پارتی گەرچی لە ڕێگەی گاڵتەجاڕی هەڵبژاردنی پڕ تەزویرەوە خۆی بە حیزبێکی گەورەی کوردستان ئەزانێ، بەڵام چونکە لەوە دڵنیایە کە لەسەر بورکانی تووڕەیی خەڵک وەستاوە، بۆیە لە بچووکترین نارەزایەتی خەڵک زەندەقی چووە. پارتی پێی وایە هەر ئەوەندەی ڕێگە بدا خۆپیشاندانێک بکرێ، ئیتر خەڵکی هەژارکراو و ستەملێکراوی کوردستان بە هەموو چین و توێژەکانەوە دەست دەکەن بە داوای جێبەجێکردنی مافە سەرەتاییەکانیان. پارتی پێی وایە هەرئەوەندەی خۆپیشاندانی خەڵک دەست پێبکات ئیتر وەزعەکەیان لەدەست دەردەچێت و خەڵک تەنها بە جێبەجێکردنی داواکانیان ڕازی نابن و ئەمە بە مەرگی خۆیان ئەبینن. ئەوان هەرچی هەیە ئەیدزن و دیکتاتۆرانە سەرکوت ئەکەن.

مانگرتنی سیازدە کرێکار لەخواردن بۆ ماوەی پازدە ڕۆژ لە سلێمانی، قۆناغێکی تازەی جەنگی بەردەوامی خەڵکی کوردستان بوو لەگەڵ دەسەڵاتدارانی تاوانباردا کە سەرەڕای ئەوەی سەدان جۆر باجی جیاجیایان سەپاندووە بەسەر دانیشتواندا، بەڵام ڕێگەش نادەن کرێکارانی کەرتی گشتی مووچەکانیان بە تەوتین لە بەغداوە وەربگرن. دەسەڵاتداران کۆمەڵگە ئەدۆشن و هەموو داهاتەکانیش بۆخۆیان ئەبەن.

خەڵکی کوردستان هەرگیز بێدەنگ نەبووە و بێدەنگیش نابێت لەسەر بەدیهاتنی مافە ڕەواکانی و دەرکێشانی کۆمەڵگە لەم زۆنگاوەی ناسیۆنالیزمی بۆرژوازی کورد خولقاندوویەتی. کرێکاران و بەشخوراوانی کۆمەڵگە بەردەوام لە ڕێڕەوی خەباتیاندا شێواز و تاکتیکی نوێ دائەهێنن، مانگرتن لە خواردنی سیازدە مامۆستای خۆڕاگر و داخستنی دوکانەکانی سلێمانی و هەڵەبجە شێوازێکی نوێی ئەو خەباتە بوو. مەرجی سەرکەوتنی یەکجارەکی تێکۆشان و خەباتی ئێمە کرێکاران و بەشخوراوانی کوردستان، یەکگرتن و ڕێکخراوی و بەردەوامی و سەرتاسەری کردنەوەی نارەزایەتییەکانمانە.

**تێبینی:**

**ئەمەی خوارەوە لینکی وتارێکی نووسەری ئەم دێڕانەیە کە لە ساڵی ٢٠١٢ دا نووسراوە بە ناونیشانی: بۆچی پارتی و بارزانی تەنها یەک ڕۆژ بەرگەی خۆپیشاندانێکی بچوکی دەیان کەسیان نەگرت لە هەولێر؟**

**https://www.emrro.com/bocipartiub.htm**

**١٣/٢/٢٠١٥**


پرسی ڕۆژ گۆشەیەکە ئاراس ڕەشید هاوکاری سەرنووسەری بۆپێشەوە ئامادەی دەکات. هەوڵدەدات یەکێک لەپرسە گەرمە سیاسی یان کۆمەڵایەتیەکانی کۆمەڵگەی کوردستان بخاتە بەرباس لە ڕێگەی کەسایەتی سیاسی و کۆمەڵایەتی شارەزا لەو بوارەدا...

bopeshawa@gmail.com

## پرسی ڕۆژ

### دەربارەی تێپەڕاندی پرۆژە یاسایی هەمواری باری کەسێتی و لە پەرلەمانی عێراقدا لە ڕێکەوتنێکی پڕ شەرمەزاریدا...

### بەڕێزان جیهاد حەمە کەریم و ئارام حەمە ساڵح وەڵامیان داوەتەوە...



**جیهاد حەمە کەریم:**

هەمواری پرۆژە یاسای باری کەسی عێراقی، هەرچەندە بە ئاشکرا تەمەنی نۆ ساڵی بۆ بەشودانی کچان دیاری نەکردووە، بەڵام دەسەڵاتی مەزهەبی بەرز کردۆتەوە بۆسەر دەسەڵاتی یاسا، مەزهەبی جەعفەری ڕێگەی بەشودانی تەمەن نۆ ساڵ داوە. هەرچەندە ئەم چیرۆکە بۆ یەکەمجار دەگەڕێتەوە بۆ فتوای مەلایەک کە والی خواستی کچێکی تەمەن نۆ ساڵی بەدڵە و داوا بەرێگەی حیلەی ئایینی بەمەرامی خۆی بگات، چەندین سەدە بەسەر ئەم چیرۆکەدا تێپەڕیوە تازەبەتازە پەرلەمانی عێراق بە خوێندەوارو بروانامەدارو یاساییەکانیەوە ئەم برگەیە زیندوو دەکەنەوە.



**ئارام حەمەساڵح:**

کۆنە پەرستانی ئیسلامی عێراق یاسای ئیغتیسابی کیژانی تەمەن

ساڵ جێکەوتەدەکەن.هەڵبەتە زۆر دەمێکە مێژوو ئەو هەقیقەتەی پشتڕاست کردۆتەوە کەهەمیشە دین باشترین داردەست بووە بەدەست دەسەڵاتداران، و حکومەتەکانەوە بۆ گەمژاندن و چەوسانەوەی زیاتری چینی هەژارو ستەمدیدە، هەر لەبەر هەمان هۆکاریشە دەسەڵاتداران گرنگیەکی تایبەت بە پیاوانی ئاینی ئەدەن، و جۆرەها ئیمتیازیاتیان بۆ دەستەبەر دەکەن ، سەرنجبدە لەو هەرێمی باشوورەدا ماموٚستایان و فەرمانبەران بێ مووچەو بێ مەعیشەتن و پارەوپولیان نییە کەژیانی سادەو ساکاری خۆیان وقوتی ژیانیان نییە وچەندین ساڵە لەژیانیکی کولە مەرگیدا دەژین، لەکاتیکدا کە مەلاو پیاوانی ئاینی لەوپەڕی رفاهیەتدان، هەمیشە مووچەی خۆیان لەکاتی خۆیدا وەردەگرن.

گومانی تیدا نییە کە تێپەڕاندنی یاسای بەشودانی کیژی تەمەن □ ساڵە، یان با وردتر بڵێم یاسای ئیغتیسابی منداڵان بەهاوکاری و هەمئاهەنگی باڵە جیاوازەکانی ئیسلامی سیاسی جێکەوتەکراوە. هەزار نەفرەت لە کۆنەخوازان و ئیسلامی سیاسی و گەمژەکانی کلتوریدواکەوتوویی بێڕەوشت. ئەوەی پێویستە بوترێ ئەوەیە کە جگە لە پەرلەمانتارە ئیسلامیەکان وەکو دەڵێن چەند پەرلەمانتاریکی حیزبە کوردوستانیەکانیش دەنگیان بەو یاسا شەرمهێنەرە داوە.

## پرسی ڕۆژ

### دەربارەی ناڕەزایەتی و مانگرتنی ماموٚستایان و فەرمانبەران و ئایندەی ئەم بزوتنەوەیە..

### کامەران محەمەد وەڵامی داوەتەوە...



پرسی ڕۆژ: مانگرتنی ماموٚستایان وفەرمانبەران ودەرسەکانی.

ماوە ١٥ ڕۆژ ١٣ ماموٚستا وفەرمانبەر، وەک شێوەیەکی تری ناڕەزایەتی لەبەرامبەر هەلومەرجی نالەباری ژیان وگوزەرانی خەڵکی کوردستان لەسایەی حکومەتی هەرێمی کوردستان، لەوانە بێمووچەیی ودواکەوتنی وراگرتنی دەرماڵە وتەرفیع وکەموکوڕی لەزۆرێک لەخزمەتگوزاریەکان.مانگرتنێکیان لەخواردن ڕێکخست وسۆزی خەڵکی کوردستان وئازادیخوازانیان لەسەرتاسەری کوردستان وعێراق ودەزگا مەدەنی وحکومیەکانیان بۆلای خۆیان راکێشا.


بەڕێز (کامەران محەمەد) نووسەر وچالاکوانی مەدەنی وەڵامی ئەم پرسەی داینەوە.

**بەرای ئێوە: پرسی ڕۆژ: چین ئەو دەرسوتەجروبانەی کەدەتوانین لەوبزووتنەوە تازەیە وەربگیرێت؟**

**کامەران محەمەد:** وانەکانی ئەو خۆپیشاندان و ناڕەزاییانەی دوایی، فرە ڕەهەندن، جگە لە دیوی ماف، دیوێکی دیکەی هەیە ئەویش ئەوەیە داواکارییەکان تەنیا ڕوو لە دەسەڵات نین، بەڵکو داواکاری دیکەش لە ئەستۆ دەگرێت لە کەسانێک کە لەدەرەوەی دەسەڵاتن، بۆ نمونە ئەو خۆپیشاندانە سەلماندی کە لەو پەڕی بێئومێدیشدا هێشتا و هەمیشە کەسانێک هەن، لە پێناو ژیانی خەڵک ئامادەن گیانی خۆیان بخەنە مەترسییەوە، بەڵام ئەم قوربانیدانە دواجار پێویستی بە جولانەوەیەکی ئۆپۆزسیۆنی سیاسیی حەقیقی و خاوەن ئیرادە هەیە تا بتوانێت درێژە بەو ناڕەزاییانە بدات و تا دوا وێستگە نەوەستێت، لە غیابی ئەو جولانەوە هەقیقیە و بەهۆی ملهوڕی ئەو دەسەڵاتە، هیچ ناڕازییەک ناتوانێت ئامانجەکانی بپێکێت. وانەیەکی دیکە لەم خۆپیشاندانەی سلێمانی پێی گوتین، ئەو حزبانەی کە ئێستا وەکو ئۆپۆزسیۆن دەرکەوتوون، حزبی هەلسوڕێنەر نین و ئیرادەی سنگ دانە پێشیان نییە، بەڵکو چاوەڕێی بەرزبوونەوەی شەپۆڵەکە دەکەن هەتا سواری بن و تێیدا ببنە پاڵەوان، لە هەڵسوکەوتی پەرلەمانتارەکانییان بە ئاشکرا ئەمە بەدی دەکرا! وانەیەکی دیکە ئەوەیە کە باشتر بۆمان دەرکەوت، ئەم دەسەڵاتە هێشتا قۆناغی خێڵی تێنەپەڕاندووە و لە بچوکترین مەترسی دەگەڕێتەوە سەر مەعدەنە خێلەکییەکەی خۆی و هاوڵاتی شارێکی دیکەی دەرەوەی دەسەڵاتی خۆی بە بێگانە دەزانێت، بۆیە پێویستە زۆر بە هۆشیارییەوە لەگەڵ ئەم جۆرە عەقڵە مامەڵە بکەین هەوڵبدەین زیاتر گیانی تەبایی و هاوسۆزی لە نێوان خۆماندا زیاد بکەین و بەگژیدا بچینەوە، چونکە برەودان بە ناوچەگەری، مەترسییەکەی لە مەترسی بڕین و دزینی قوتی میللەت ترسناکترە.

**قۆناغی دوای ئەو هەنگاوە چییە؟**

**کامەران محەمەد:** قۆناغی دوای ئەم ناڕەزاییە، بەردەوامی دانە بە ناڕەزاییەکان هەر بەشێوەی مەدەنییانە، بەڵام بە خۆڕێکخستنەوە و کارکردن بۆ پتەوترکردنی شێوازی دەربڕینی ناڕەزاییەکان، دروستکردنی لیژنەی سەرپەرشتی لەهەموو شار و شارۆچکەکان، گفتوگۆکردنە لەگەڵ هێزە سیاسییەکانی دەرەوەی دەسڵات بۆ گۆڕینی ڕۆڵەکانییان لە نمایشەوە بۆ قوربانی دان. دیاریکردن و جیاکردنەوەی هێڵی ئۆپۆزسیۆن و دەسەڵات، ناکرێت باوەڕ بە حزبێک بکەین کە لە دەسەڵات بێت و سەرچاوەی نەهامەتییەکان بێت، کەچی وەکو هاوسۆز و هاوپشت مامەڵەی لەگەڵ بکەین!



# خۆپیشاندەران دەستیان لە پشتە؟

نووسینی: ڕێبوار یاسین

من دژی توندوتیژیم. پێم ناخۆشە خشتی خانوویەکی کوردستانەکەم بڕووشێ، ئاگر لە پاتاڵێک بەربێ، پشکێک خوێن داتکێ، بەڵام سەرەسۆدرەکە دەناسم و دەزانم کێ تاوانبارە.

***

دەڵێن خۆپیشاندەر مۆڵەتیان وەرنەگرتووە! مۆڵەت لە کێ وەرگرن؟ لە کەسانێک، کە ئەلفوبێی حوکمداری نازانن؟ لە کەسانێک کە گوندێکیان پێ بەڕێوە ناچێ؟

لە ماوەی ٣٠ ساڵی ڕەبەقی حوکمی قەرەقۆشیتاندا چەندجار ڕێگەتان داوە خەڵک بێتە سەر شەقام، هیچ نەبێ تا پراوە بکا، فێری فەرهەنگی خۆپیشاندان بێ؟ چەندجار مۆڵەتتان دا دژبەرەکانتان، بە "قەپۆزیسیۆن"ەکانی خۆشتانەوە، تا پێش ئەوەی کار لە کار بترازێ، دەست لەسەر برینەکان دانێن و بە زمانێکی شارستانییانە لەگەڵتان بدوێن. مەبەستم ئەو چەند جارە نییە، کە دەستەیەک بندیواری پۆشتەوپەرداختان بۆ فشەمافێک دەناردە بەردەرگەی ئەو "مەڕلەمان"ەی، بێدەسەڵاتترە لە ڕەوە چۆلەکەیەکی ناو تۆڕەکەی سەلیم قاقای هەولێری جاران!

***

دەستیان لە پشتە؟ دەستی کێ؟ چما ئێوە خۆتان هیچ دەستێکتان هێشتووە ماچی نەکەن؟ ئەوە چ دەستێکە کاری بەو ڕەشوڕووتە برسییانەیە؟ تورکیا؟ ئێران؟ عیراق؟ کێ؟ جا ئێوە چیتان کردووە تا ئاغاکانتان نیگەران بن و بیانەوێ تڕۆتان بکەن؟ ئێوە چیتان بەسەر چییەوە هێشتووە؟ چی ماوە ڕادەستی نەکەن؟! یەک شتم پێ بڵێن، یەک شت!

نەک هەر داگیرکەران، ئەگەر هەموو دنیا دژی گەلی نەفسبڵندی کوردستان بایە نەیدەتوانی ئاوا، وەک ئێوە، هیوا و کەسایەتی و پیرۆزییەکانی ڕیشەکێش کا.

***

لە دنیا حوکومەت، پەرلەمان، سیستەمی دادوەری و میدیا هەن خەڵک پەنایان بۆ دەبا، داوای لابردن، دانان، یان ڕاستکردنەوەی خشتێک، یان چەند خشتێک دەکا لە تەلاری دەوڵەت و حوکمڕانی: کەمکردنەوەی سەعاتی کار، زیدەکردنی مووچە، کەمکردنەوەی باج، داشکاندنی نرخی وزە، پاراستنی ژینگە، مافی ژنان... هتد. گەلی باشوور نە ئەو تەلارەی هەیە باسی ئەم خشت و ئەو خشتی بکا، نە حوکوومەتێکی هەیە داوای ترۆکردنی بکا، نە پەرلەمانێکی هەیە بچیتە بەر دەرگەی، نە دادگەیەکی هەیە بە هاوارییەوە بێ، نە میدیایەکی کاریگەریشی هەیە بڵندگۆیەکی بۆ دانێ. چی بکا؟

ئێوە، کە کوردستانتان کردووە بە شارێکی پڕ شەقامی تێکئالاوی بێ ترافیکی هاتوچۆ، هەر بابایە خۆی بەویتردا دەکێشێ. چما شتێک ماوە، تا داوای پێداچوونەوە و ڕاستکردنەوەی بکرێ؟!

ئێوە، کە دەستوپێ سپین، لەسەر مووچە ناژین و تەماشای ڕۆژژمێر ناکەن و ناپرسن چەندی مانگە، قەت لەو زگە بەتاڵانەی سەر شەقام ناگەن.

ئێوە، هەی ئەحمەقینە، وڵاتی نەوت و گاز و خۆر و ئاوتان لەبن دەستە، کەچی مووچەی مووچەبابیشتان پی نادرێ، کە لە سۆماڵیش ڕۆتینێکی مانگانەیە!

ئەمجارەش نا، جارێکی تر، لەسەر مووچە نا، لەسەر دەیان ساڵی تاوانەکانی شاخ و شارتان... کۆتاییتان هەر دێ.

گەلی کوردستان زۆر لەوە گەورەترە وەحشی حوکمی بکەن.



# هۆکاری سەرنەگرتنی ناڕەزایەتییەکانی کوردستان...

نووسینی: دیار بەرزنجی

## بۆچی ناڕەزایەتیەکان لەکوردستان سەرناکرن؟ پرسیارێکە وساڵانێکی زۆر دەکرێت؟

مێژووی سەرهەڵدانی ناڕەزایی وخۆپیشاندان لەدژی دەسەڵاتی کوردی(لەهەرێمی کوردستان)، ئەگەڕێتەوە بۆساڵی ١٩٩٤، کەخەڵک بەهۆی گرانی ونەبوونی و ژیانی کولەمەرگیەوە، یەکەمین جەولەی ناڕەزایەتیان لەدژی سیستم ودەسەڵاتی نوێ ئەنجامدا. دواتر لەساڵی ٢٠١١وە، کەبە١٧ی شوبات ناسرا، چەندین شێوازی دیکەی ناڕەزایەتی و خۆپیشاندان هاتنەئارا! کەبارەگای حزبەکوردیەکانیشی چەندجارێک ڕووبەڕووی سوتاندن کردەوە! پەیامی سەرەکیی حزبەکان، ئیدانەکردنی سوتاندنی بارەگاکانیان بوو، نەک چوون بەدەم داخوازیەکانی خەڵکەوە! هەمیشە دەسەڵات دەستەواژەی (دەستی دەرەکیی و پیلانگێڕیی) ئامادەکردووە، وەکو یەکەمین وەڵام وکاردانەوە لەجیاتی چوون بەدەم خواستەکانی خەڵک! لەبەرامبەر خۆپیشاندانەکاندا!.



لەساڵی٢٠١٤ وە ناڕەزایەتیەکان زیاتربوون، چوونی وەفدو شاندی مامۆستایانی ناڕازیی بۆ بەغدا، و کۆبوونەوە لەگەڵ بەرپرسانی باڵای حکومەتی ناوەند لەبەغدا، جۆرێکی نوێی خەبات بوو لەدژی ستەم وبێباکی دەسەڵات، بەڵام بەهۆی نەبوونی کارنامەو نەهج و سیاسەتی دروست و ناڕۆشنی ئەجێنداو سیاسەتی ئەو مامۆستا بەڕێزانەوە، وشێوەیەک لەرێکخراوبوون، وایکرد بەتەلەفۆنێکی مەسرور بارزانی و قوباد تاڵەبانی بۆ محەمەد شیاع سودانی ومستەفا کازمی، ڕیسەکە لەشاندنی مامۆستایان بکەنەوە بەخوری! هەمیشە سەرانی دەسەڵاتدار لەبەغدا بەشێک بوون لەسەرکوتی خەڵکی کوردستان، مانەوەی دەسەڵاتی پارتی ویەکێتی هەتائێستا، بەشێکی زۆری پەیوەندی بەهاوکێشە سیاسیە جیهانی و ناوچەییەکان و خودی دەوڵەتی کۆڵەوارو لاوازی عێراقەوە هەیە، عێراق دەزانێت بەدانانی پارێزگارێکی عەرەب لەسلێمانی و وهەولێرو دهۆک وهەڵەبجەو تەنانەت کەرکوکیش، ناسیۆنالیزم و نەتەوەگەرایی لەنێو خەڵکی کوردستاندا دەبووژێنێتەوە،بۆیە دەسەڵاتێکی کوردیی ستەمکارو گەندەڵ، تەواو لەخزمەتی بەرژەوەندیەکانی دەوڵەتی عێراقدایە، تەنانەت ئەگەر ملیۆنان خەڵک لەکوردستان داوای گەڕانەوەی سوپاو ئیدارەی عێراق بکەن، عێراق ناگەڕێتەوە! دەوڵەتی عێراق، وەکو (دیقە دیق)کردن بەخەڵکی کوردستان، ناوبەناو پێشینە(سولفە)ی جۆراو جۆر ئەداتە مووچەخۆرانی سنوری دەسەڵاتی خۆی، ئەمەش جۆرێکە لەجەنگی دەروونیی و یاریکردن بەهەستی خەڵکی کوردستان! بۆچی ئەم باسەم خزاندە نێو بابەتی سەرەکیی نووسیەکەمەوە؟ ئەمەوێ بڵێم کەهەرچەشنە هەوڵێک بەئاڕاستەی گەڕانەوە بۆبەغداد، کۆرپەیەکی مردووە لەسکی دایکدا، کەس دەستی دەوڵەتی عێراقی نەگرتووە، بێت مووچە بدات و سولفەی جۆراوجۆر بداتە خەڵکی کوردستان، خودی عێراق بەدەست دەیان کێشەی گەورەوە ئەناڵێنێت، گەندەڵیەکانی عێراق، لەگەندەڵیەکانی کوردستان زیاترنەبن، کەمترنین! بۆیە، تەنهاڕێگا لەبەردەم خەڵکی کوردستاندا بۆسەندنی مافەکانیان، یەکێتی و پێکەوەیی و هاوپشتی و دروستکردنی شێوە جۆراوجۆرەکانی ڕێکخراوبوونە بەپێی گونجان وهەلومەرج، لەشێوەی ( ئەنجومەن، شورا...تاد)، کۆبوونەوەی خەڵک و چوونەپاڵ بزووتنەوەیەکی شۆڕشگێڕی کۆمۆنیستی تەنها ڕێگاچارەیە بۆئەوان، هەرچەشنە ڕێگایەکی دیکەی وەکو ڕیفۆرمی بۆرژوایی و کۆبوونەوە لەپاڵ ئیسلامیەکاندا، پێشتر تاقیکراونەتەوەو ئەزموون کراون! نەبەغدا، نەڕیفۆرمیزم، تەنها شوراکان و پێکەوەیی خەڵک!

# لە ١٧ شوباتەوە، تا ئێستا

**نووسینی: عەبدوڵا مەحمود**

١٧ ی ئەم مانگە ١٤ ساڵ بەسەر هاتنەمەیدان و خرۆشانێکی گەورەی جەماوەری لە کوردستاندا تێدەپەڕێت. خۆپیشاندان و خرۆشانێک لەگەڵ ئەوەدا تەنها لەبەشێکی هەرێم و لە زۆنی سەوزدا روویدا، بەڵام قوڵایی و زەمینەی ئەو ڕاپەرین و هاتنە مەیدانە جەماوەرییە، سەراسەری هەرێمی کوردستان بوو.

١٧ شوبات، لە درێژەی نارەزایەتی بەردەوامی لەپێشتری جەماوەری کوردستان، روویدا. بەڵام بە ناوەرۆکێکی گەورەتر، بە هێزێکی زیاتر، تا ڕادەیەک یەکگرتووتر و فراوانتر، بەخواست و داواکاری دیاریکراو، وە لەهەلومەرجێکی تایبەتدا، کە ڕاستەوخۆ ئیلهامی لەشۆرش و ڕاپەرینەکانی دنیای عەرەب وەرگرت. هەلومەرجێک کە بەجیا لەوەی چەندین دەسەڵاتی لەچەشنی دەسەڵاتی میسر و تونس و یەمەنی بەخێراییەکی زۆرەوە ڕامالی، هاوکات تەواوی دەسەڵاتە دیکتاتۆر و بنەماڵەییەکانی، توشی شۆکێکی گەورە کرد و زەمین لەرزەیەکی گەورەی لە ئاستی جیهانیدا نمایش کرد. بێ توانایی زلهێزەکانی لە بەرگری لەو وڵاتانەی پەیوەندی مێژووی و بەرژەوەندی سیاسی و ئابوری و جیۆپۆلیتیکی لەگەڵیان هەبوو، نیشاندا، کە نەک توانای بەرگری لە دەسەڵاتی هاوپەیمانەکانیان نەبوو، بەڵکو پێشبینی خرۆشان و شۆڕشی جەماوەرییان لەدژی ئەو دەسەڵاتانە نەدەکرد. خرۆشانی جەماوەری لە کوردستان و لەدڵی هەلومەرجێکی ئاوادا، بەجیا لە ڕەوایەتی بەخشینی بەکردەوەی خەڵکی کوردستان لە خرۆشان و ڕاپەرینی رەوای برسییەکان و ئازادیخوازانی دنیا عەرەب، هاوکات نیشاندان و خستەرووی هاوچارەنووسیان بوو.

هەمان ئەو هۆکارانەی کە شۆڕشی برسییەکان و ئازادیخوازانی لە دنیای عەرەبدا لە پێناو نان و ئازادی و خۆشگوزەرانی و شکۆی ئینسانی و لەدژی دەسەڵاتی سەرکوتگەر و بنەماڵەیی، دروست کرد، بە زیادەوە لە کۆمەڵگەی کوردستاندا بوونیان هەبوو. برسێتی و نەبوونی خزمەتگوزارییەکان، سەرکوتی بەردەوامی ئازادییەکان و شکاندنی شکۆ و بەهای ئینسانی، لەلایەن چەند دەسەڵاتی بنەماڵەیی و تالانچی، سەرچاوەی پەیوەست بوونی جەماوەری کوردستان بە تەوژم و شەپۆلەکانی ڕامالینی دەسەڵاتەوە، بوو.

ڕاستە چ لە دنیای عەرەب و چ لە کوردستاندا، بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەری و ڕاپەرین بە دوا مەنزڵی خۆی نەگەیشت، بەڵام ڕامالینی چەند دەسەڵاتێکی



هاوپەیمانی ئەمریکا و غەرب و غولئاسای وەکو میسر، توانایی هێزی جەماوەری نیشانی دنیادا، ئیدەی شۆرش و دەستبردن بۆ شۆرشی کردەوە بە بابەتی ڕۆژ و نیشانیدا هیچ دەسەڵاتێک ناتوانێت بەرگەی سیڵاوی جەماوەری نارازی بگرێت. هاوکات ئەو ڕاستیەی نیشاندا کە هێزی شاراوەی جەماوەری لەژێر سایەی ئەو دەسەڵاتە سەرکوتگەر و دژە ئازادیی و بنەماڵەیانەدا، هەمیشە ئامادەیی هەیەو هەرکاتێک زەمینەی بۆ رەخسا، وەکو دێوێکی سڕکراوی کاتی، بەڵام پڕ وزەی جێگیر وا خۆی نمایش دەکات، کە دەسەڵاتی سیاسی و تەنانەت خودی کۆمەڵگەش توشی ڕاچەنین دەکات. بۆرژوازی لە ئاستی دنیای عەرەب و ئەوروپا و ئەمریکادا، هێندە غافڵگیری بزوتنەوەی نارەزایەتی و شاراوەی جەماوەری بوون، کە گەورە سیاسەتمەداران و توێژی لێکۆڵەر و شارەزاکانیان و دەزگا هەواڵگرییە پان و پۆڕەکانی، توشی شۆک کرد.

لەکوردستاندا، ١٧ شوبات لەگەڵ ئەوەدا درێژکراوەی شۆڕشی برسییەکانی و ئۆردوی ئازادیخوازی بوو، هاوکات ڕیشەی لە واقعیەتی سیاسی کۆمەڵگەی کوردستاندا بوو، ریشەی لەو نابەرابەرییە ئابوریەدا بوو، کە کەمایەتییەک سەرمایەدار و بنەماڵەی دەسترۆشتوی حزبی بردۆتە کەشکەلانی فەلەک و بەهەشتیکی بۆ خوڵقاندون کە بەهەشتی ئەفسانەئامیزی خودا لە چاویدا، کەلاوە و ژیان تیادا پوچە. بۆ بەشی هەرە زۆری کۆمەڵگەش، دۆزەخێکی لەسەر ئەم زەویە بۆیان خوڵقاندووە کە دۆزەخی دنیای سبەینێ لەچاویدا، بەهەشت و بێ کێشەترو ئارام ترە.

لە ١٧ شوباتی ٢٠١١ وە بۆ ١٧ شوباتی ئەمساڵ، ئەو واقعیەتە چینایەتی و ئەو نابەرابەرییە ئابورییە چەند قات بۆتەوە. ئۆردی برسییەکان چەند بەرابەر زیادی کردووە، هەژاری و نەبوونی بێداد دەکات، ئاسەوارێک لە خزمەتگوازرییەکانی پێشوو نەماوە، کیشەی موچە بۆتە مۆتەکەی سەر ژیان و گوزەرانی موچەخۆران، سەرکوتی ئازادییەکان و زەوتکردنی مافە فەردی و مەدەنیەکان، بە خێرایەکی زۆر چۆتە پێشەوە، شکۆی تاک و کۆمەڵ بێبەها کراوە. دەسەڵاتی بنەماڵەیی و نەریتی و بۆماوەیی زۆرتر و بەهێزتر کراوە و هیچ حزب و لایەنێکی بۆژوازی نییە، تەوریسی سیاسی شادەماری نەبێت. ئاسۆی سیاسی سەرجەم هێزە بۆرژوازییەکان لێڵ و نارۆشنە، بەتایبەتی ئاسۆی سیاسی حزبە دەسەڵات بەدەستەکان. پێگەی سیاسییان لە ئاستی عێراق و ناوچەکەدا رووی لەداکشانێکی زۆرە، هەموو هەوڵی بۆرژوازی کورد ئەوەیە لە لایەن دەسەڵاتی ناوەندییەوە جێگای مەقبولیەت بێت و موچەیان بۆ فەرمانبەرانیان پێ بگات.

لە ١٧ شوباتەوە تا ئێستا بەجیا لە دارمانی پێگەی ناسیونالیزمی کورد و پاشەکشەپێکرانی لە هاوکیشەکانی ناوچەکەو لەئاستی دنیا و بەتایبەتیش لەچوارچێوەی عێراقدا، ڕوو بەڕووە لەگەڵ بزوتنەوەیەکی فراوانی نارەزایەتی، کە بەراورد بە ١٤ ساڵ پێش ئێستا ناکرێت.

ئەگەر لە ١٧ شوباتدا، خۆشباوەڕییەک بە دەسەڵاتی بزوتنەوەی کوردایەتی مابوو، ئێستا ئەو خۆشباوەییە بەشێوەیەکی یەکجار زۆر ڕەویوەتەوە. ئەگەر لە ١٧ شوباتدا، ئومێدک بە چاکسازی دەسەڵات مابوو، ئێستا، ئەو ئومێدە ئاسەوارێکی نەماوە. ئەگەر لە ١٧ شوباتدا، باڵێکی نارازی بۆرژوازی کورد، بزوتنەوەی "گۆڕان" بەناوی چاکسازی و گۆرانکارییەوە لەمەیدان دابوو، تا سواری خواست و ویستەکانی بزوتنەوەی نارەزایەتی ببێت و لە بەرژەوەندی خۆی ئەو بزوتنەوەیە دەستەمۆ بکات بۆ دەست ڕاگەیشتن بەدەسەڵات، ئێستا ئەو رەوتە دواین نەفەسی مەرگی دەدات و گیان بەبەرداهاتنەوەی وەهمەو کاراکتەرەکانی موچەخۆری حزبی دەسەڵاتن و بەکردەوە لەبەرەی پارێزگاری لەدەسەڵاتدان و چارەنووسیان بە دەسەڵاتەوە شەتەک دراوە.


ئەگەر لە ١٧ شوباتدا خواستی جەماوەری سنوردار و داخوازی خزمەتگوزاری و چاکسازی و جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان و وەستانەوە بەدژی گەندەڵی بوو، ئێستا خواستی جەماوەری لەئاستی فراوانی کۆمەڵایەتیدا ڕامالینی دەسەڵاتە... ئەگەر لە ١٧ شوباتدا بزوتنەوەی نارەزایەتی زۆرتر لە زۆنی سەوزدا خۆ دەردەخست، ئێستا لەسەراسەی کوردستان و لە زۆنی زەردا مۆتەکەی دەسەڵاتە. ئەگەر لە ١٧ شوباتدا هوشیاری چینایەتی سنوردار و کەم ئەزموون، ئێستا هوشیاری چینایەتی تا رادەیەکی بەرچاو هەڵکشاوە، لەماوەی ئەم ١٤ ساڵەدا بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەری و ڕابەرانی ئەزمونێکی باشیان سەریەک ناوە. ئەگەر

بۆ لاپەڕە 13

## گۆشەی ئەدەب و هونەر

گۆشەی ئەدەب و هونەر، گۆشەیەکی تایبەتی بۆپێشەوەیە کە لەهەر ژمارەیەکدا بابەتێکی ئەدەبی یان هونەری لەشێوەی هۆنراوە، تێکستی ئەدەبی، وەرگێران، بڵاودەکاتەوە، یاخود دیمانە لەگەڵ ئەدیب و هونەرمەندێک یان ناساندنیان ڕێک دەخات...

ئامادەکرنی گۆشە: کاوان قادر، وریای ڕەسام، ڕیبوار حەمە شەریف



# گەدەیان" جێگەی چوار ""کەوچك ڕەخنەگرتنی تێدا نەبویەوە!

### نووسینی: ڕێبوار حەمە شەریف

بەناو ـ ڕەخنەگر بیت و درامانووس و شاعیرو تادێ...

ئەوە کێیە تازە فێری ئەزمونگەریی و بنیاد لە دراماد‌ا فێردەبێت!؟

ئەزمونگەریی و دراما و، سیناریست و نووسەری سیناریو:

لە دیدارو بەرنامەیەکدا، وەک گوێگر و بینەرێک دەستم سوڕاو کەوتە سەر چاوپێکەوتنێک لەگەڵ (.□. ) کەسێکدا بوو کە، گوایە بەنیازە (ئەزمونگەری و بنیاد) لە درامادا بکات، بەڵام ئەوەی باس نەکرا ئەزمونگەری و بناد بوو لە درامادا !،.

زۆرر زۆرم پێ سەیرو سەمەرەبوو کە چۆن دەوێرێت و بەخۆیدا ناچێتەوە کە ناکرێت بەخۆی بلێت ئەم باس و ڕونکردنەوە ئرتجالیە مەسەلەیەکی ئێستایی نییە بەڵکو، زۆرکۆنە و نووسەرانی ترو دەوروبەر زوو هەستیان پێکردووە و کاری زۆر کراوە، نەک تەنها لە ناو درامادا، بەڵکو لە زۆر چەمکی جیا جیای شانۆ و شیعرو مۆزیک دا، هەر بۆیە من پێم وابوو دیارە (ئەو' و ئەوان") تازە هەستیان پێکردوە!.

بەر لەوەی ڕوونکردنەوەی خۆم بدەم و ڕەخنە توند بگرم، نەک بەمانای تێکشاندن نا، بەڵکو لە چوارچێوەیەکی ئەدەبی و زانستی ئەکادیمایانەوە، ورد ورد شۆڕدەبمەوە تا ئەو کاتەی پرسیاری قوڵتر دەکرێت وەک ئەوەی کە بڵێم: باشە کاکەی نووسەرو ئەوانەی کە ئیدیعای دەکەن کە وەک نووسەرو ڕەخنەگرو درامانووس / سیناریو بە ویستی درامابێت و بکرێتە فیلم یان زنجیرە درامی؟

ئەکرێ... بۆ من و خەڵکی بینەر ڕوون بکەنەوە تا ئێستا دراما لۆکاڵیەکان و نووسەرانی وەک ئێوە" لەچ ئاست و بوارێکدا، دەست ڕەنگین بووە و کاریگەربووە جگە لە شێوان و ژەهرێکی کوشندەو بێ سەروبەری لە نووسینداو پاشان دەرهێنەرو لوکەیشن/ بەدەردی خۆتان وتان عرض، کە هەڵەیە ئەوە، واتاکەی/ دیمە دەگەیەنێت، بابپرسین بۆچی؟ ئەو جۆرە درامایانەی کە بۆ ناو و، بازرگانی پێشکەکراون، هەموو خەیاڵی و داتاشینی خۆتان بووە، یاخود هەر بە مەزاج بوونێکتان هەڵبژاردەیی پاڵەوان و ئەکتەرو نا ڕووداوەکانن، هەر بۆ گرتەی فیلم بووە؟ !

کەواتە/: لێرەوە هەر بۆ زانینی خوێنەران کە من وەک خۆم چاوم لەسەرتان بووە دووربەدور کە ئێوە" لە ئێستاو دوخێکی وەک کوردستاندا ژیاون نەتان توانیوە، خاوەنی نەک تەنها درامایەکی ڕاستەقینەبن، بەڵکو چارەکە درامایەکیشتان پێ پڕنەکراوەتەوە و دراماتان نەنووسیوەتەوە.

خۆ بە گرتەو فیلم گرتن و دیمەن/ لوکیشن نیشاندان نابێت، یان ڕیکلامی کەناڵی خزم خزمێنەو، پێهەڵدانی هەندێ هاوڕێ و هەڵسەنگاندی بێبنەمای دوور لە زانستی هونەری جوانی و قوڵ بوونەوە لەو تراژیدیایەی کە لە ئێستادا کوردستانی تێدا دەگەوزێت.

نا نا کاکی براینە وا نابێ !خوێنەر و بینەری ڕاستگۆ هەیە ئەتان بینێت و وە باش شرۆڤەی ئەو کارە نا درامی یانەتان دەکات، ڕەنگە تەنها لەلای خۆتان" وەک درامابێت دەنا بەهیچ شێوەیەک پێناسەی درامی نین و خسوسیەتی دراماییی هەڵگرنین.

بۆ ئەوەی چاکتر و باشتر بینەرو خوێنەر حاڵی بکەم، من وەک خۆم لەو بوارەدا پێش ئەوان" کەوتووم و باسمکردوە، جا وادیارە، وە وا هەستدەکەم ئەوان بابەتەکانی منیان خوێندبێتەوە و بێدەنگ، بێدەنگ خش بۆی کشابن و، بە خۆمانی بفرۆشنەوە.

بۆ ئەوەی زیاتر تێبگەین لەگەڵم بن هاوڕیان. تا بڵاوکراوکانی (سێ تا چوار ساڵ) بەر لە ئێستە نووسیبووم بۆتان بڵاو بکەمەوە جارێکی تر کە چۆن باس لە (دراما، تراژیدیا، کۆمیدیا، سایکۆدراما، سوسودراماو جۆرەکانی تا دێ...

هیوادارم بتوانم جوانتر و ڕونتری بکەمەوە کە (ئەزمونگەری و بنیاد)، بەدەردی خۆیان واتەنی چییە و چۆنە وە کەی سەرهەڵدانە نوێگەرییەکان لەکوێ وە دەستی پێکردوە بۆچی؟ ئێستا دراما' نووسانی کوردستان لەوێ بەخەبەر بوونەتەوە.

سەرەتا// دێمە سەر نوسەری (دراما )و سیناریۆ نووسی دراما کە کێیە:

ڕەنگە و وا بۆی دەچم کە لێرەوە وەرگیرابێت، یان ئەوەتا/: بۆیە لە ئێستا ڕوونکردنەوە دەدرێتە بینەر کە کەسایەتی نووسەری سیناریو نووس دەبێت کێ بێت !

٢٤/١/٢٠٢٤

بڵاومکردۆتەوە

لە ڕۆژنامەی بۆ (پێشەوە):

لە پشتردا باسمکرد و ڕوونم کردەوە کە کەسایەتی...نووسەری سیناریۆ و نووسینی سیناریۆ کێیەو چییە:

سیناریۆنووس:

بریتییە لە... ئەو هونەرمەند و نووسەرە تایبەتمەندەی کە تایبەتە بە گەیاندنی □ (بیرۆکە، چیرۆک، ڕۆمان)

کۆمەڵێک شت هەیە کە دەبێت بزانرێت کاتێک وشەی سیناریست بۆ کەسێک بەکاردەهێنین، ڕەنگە یەکەمیان لەم شتانە ئەوە بێت کە وشەی سیناریست لەگەڵ کەسێکی هۆشیار و هۆشیار و پێگەیشتوو و ناوبانگ و پێگەی بەرزدا یەکدەگرێتەوە. واتە وشەی (سیناریۆ) بۆ هیچ کەسێک ناتوانرێت جێبەجێ بکرێت، بەڵکو وشەیەکی گونجاوە بۆ کەسانی پسپۆڕ و خاوەن پێگەیەکی بەرز لە کۆمەڵگەدا، بەو پێیەی ئەم وەسفە لەگەڵ هەموو پسپۆڕییەکاندا ناگونجێت، هەرچەندە باسمان لەوە کرد کە سیناریۆکە دەکەوێتە خوارەوە بۆ زۆربەی بوارەکان.

بەدرێژی لەو بڵاوکراوەدا باسم لێوە کردوە تا ئەوان سود وەرگرن و بزانن (گەر) توانای نووسینی درامایان هەبێت .

ئەوەی کە گرنگە بۆ ناو جەوهەری ئەم بابەتە، باسکردنە لە (نوێگەریی و بنیاد).

لە بەرنامەیەکدا نامەوێ دەست نیشانی بکەم، چونکە، پێناسەی نووسەر وەک دراما نووس نییە تا لێکۆڵەری بۆبکرێت تەنیا ناوێکەو دێی وێرانە.

گرنگ لێرە ئەوەیە خوێنەر بگاتە ئەو ئاستەی کە مانای نوێگەری بزانێت لەگەڵ بنیادی کەسیەتی و کردە ڕووداوەکان و مانای کەسەیەتی خۆی لە گەڵیاندا ئاوێتەیی بکات، ئەوەش هۆیەکە بۆ دامەزراندی کەسیەتی جا چ، کارئەکتەرێک یان کەسێکی تربێت لە کاتێکدا نمایشتی ناو ژیانی ڕۆژانەیە.

# من وێنەی ئینسانێ ئەکێشم

### شیعری..... پاپلۆ نیرۆدا

من وێنەی ئینسانێ ئەکێشم
پێویستە خاوەنی دەستە خوێناویەکان
بەخوێنی کوژراوەکان .... دادگایی کەین
ئەو کوژراوانەی

پاش ئەوەی پێستی زەوی
دەگورین و دەر دەکەون
وەکو بسمارێ لە ئازار
ژان دەڕ وێنین

ئەمە ئەو زەمەنەیە
خەومان پێوە نە ئەدی
تۆ نیکسۆن ..؟
ئەی جرجی ئەم سەردەمە

لەگشت شوێنێ ئەبینرێی
بە پانتایی چاوەکانی ترس ئەبارێ
لەدایک بونی ئاڵاکانیش
بە گوللەکان کون کون ئەبێ

''''''''''''''

هەمیشە لە ڤێتنام سەرکەوتو بوو
بەڵام ئەو شێتە □ لە کوبا
نەی توانی هیچ سەوزکا
لەو ڕۆژەوە لە ژێر باڵە ترسناکە کانیەوە
بەکەڵبە تیژەکانیەوە، ئەم حەیوانە
ئەیەوێ گاز لە شیلی بگرێ

بەڵام نازانێ مناڵانی شیلی
پێدەگەن لەهەموو شتێکا
وانەیەکیشی لە ناموس پێ ئەدەن
بڕواتان بێ من وێنەی ئینسانێ ئەکێشم

''''''''''''''''''''''''''''''''''

لەدیوانی پاپلۆ نیرۆدا
اخر. الاشعار
ل ٤١/٥٠

## وەرگێڕانی: سەلام سەعید



# دیموکراسی: لێکدانەوەکان و واقعیەت

## چاوپێکەوتنی مەنسور حیکمەت لەگەڵ ئینتەرناسیۆناڵ

**بەشی پانزهەم و کۆتایی**

**ئینتەرناسیۆنال: پرسیارێک کە ئەمڕۆ لەگەڵ نەمانی نیزامی دووجەمسەریی دەسەڵات لەسەر ئاستی دنیادا زۆر دێتە پێش و بە تایبەتی بەهۆی جەنگی ئەمەریکاوە لە کەنداو و کارکرد و تەبلیغاتی دەخاڵەتگەرانەی ئەمەریکا و وڵاتانی ڕۆژئاواوە بەرجەستە بۆتەوە ئەوەیە، کە ئایا دامەزراندنی ڕژێمێکی سۆسیالیستی لە وڵاتێکی وەک ئێراندا بەرەوڕووی لەشکرکێشی دەستبەجێی هێزە سەرمایەدارییەکان نابێتەوە؟ ئایا بەم پێیە شۆڕشی کرێکاری لە وڵاتێکی ئاوادا، هیچ دەرفەت و شانسێکی هەیە؟ وە ئایا هەر ئەم فاکتۆرە و ئەو تێبینییە محافەزەکارانەیەی لێیەوە هەڵدەقوڵێت، دەستی تەبلیغاتی لایەنگرانی نیزامی پەرلەمانی، هەر چەندەش بەڵێنە ئازادیخوازانەکانیان بێ ناوەڕۆک بێت، زاڵتر ناکات؟**

**مەنسوور حیکمەت:** بە ڕای من، ئەم تێبینییانە زۆر گرنگن و لە وەڵامیاندا چەند خاڵێک دەخەمە ڕوو. گومان لەوەدا نییە کە ئەمڕۆ دامەزراندنی هەر نیزامێکی سۆشیالیستیی کرێکاری لە هەر گۆشەیەکی دنیادا یەکسەر بۆرژوازیی جیهانی و لەسەرویانەوە ئەمەریکا و هاوپەیمانی سیاسی- سەربازی ناسراو بە ڕۆژئاوا دەخاتە سەر ڕێچکەی دەخاڵەت و گێڕانەوەی دەسەڵاتی بۆرژوازی. ئەوەی کە ئایا دەخاڵەتێکی لەم چەشنە یەکەم، لەڕووی عەمەلییەوە دەتوانرێ ئەنجام بدرێ، وە دووەم، ئایا توانای تێکشکانی ئەو حوکوومەتە سۆشیالیستییەی کە باسمان کرد، هەیە یان نا، مەسەلەیەکی ترە. ئەزموونی دەخاڵەتە سەربازییەکانی ئەم چەند ساڵەی دوایی هەر لە جەنگی کەنداوەوە تا سۆماڵ و بۆسنە، کە یان بە ناوی ڕۆژئاوا و ئەمەریکاوە، وە یان ڕۆژانە بە ناوی (UN)ەوە ئەنجام دەدرێن، ئەو ڕاستییەی نیشاندا، کە توانای عەمەلییان لە لەشکرکێشی و سەرکوتکردندا سنوورێکی هەیە و لەگەڵ ئەوەشدا کە لەڕووی تەکنەلۆژییەوە توانای وێرانکردنیان یەکجار زۆرە، بەڵام لەڕووی ئابووری و لەڕووی پشتی بەرەی کۆمەڵایەتییانەوە، دەستەویەخەبوونیان بە شەڕێکی هەمەلایەنەوە لەگەڵ شۆڕش و بزووتنەوە جەماوەرییەکاندا کارێکی ئاسان نابێت. بە ڕای من، هیچ دوور نییە کە نەتوانن تەنانەت لە حاڵەتی دەخاڵەتی سەربازیی ڕاستەوخۆدا، سەرەنجام حوکوومەتێکی سۆشیالیستی کرێکاری لە وڵاتێکی خاوەن ئابووری و جوگرافیا و دانیشتوانێکی مامناوەندیشدا بڕۆخێنن. بە ڕای من ئەمە شتێکی واقیعییە. بەڵام لە خودی خۆیدا بە هیچ جۆرێک نە دەتوانێت وەڵامێکی تەواو بێت بە پرسیارەکەتان و نەدەتوانێت دڵخۆشکەر بێت بۆ ئەو نەوەیەی کە بڕیارە لە کۆمەڵگەیەکی شۆڕش کردوودا و لە ڕەوتی پووچەڵکردنەوەی هێرشی سەربازیی بۆرژوازیی جیهانی بۆسەر شۆڕشە سۆشیالیستییەکەیان گیانیان فیدا کەن، یان ژیانیان لێ ببێتە دۆزەخ. لە سووچی لاپەڕەکانی بڵاوکراوەی یەکێک لە لایەنە فیداییەکاندا (مەبەست لە ڕێکخراوی چریکە فیدایەکانی ئێرانە-و.) دروشمێک دەنووسرێ ،کە ناوەڕۆکەکەی بریتییە لە "جەماوەری چەکداری یەکگرتوو لە شووراکاندا هەرگیز تێک ناشکێن". با وا دابنێن وایە و ئەم شتە میتافیزیک و خەیاڵییە لە جیهاندا، قانوونێکی ماددی بێت. بەڵام پرۆسەی سەلماندنی ئەم نەبەزی و تێکنەشکاوییە ڕەوەندێکی پڕ چەرمەسەرییە، کە تیایدا مرۆڤەکان و ژیان و بوونیان و هەروەها سۆز و عاتیفەشیان لە خوێندا نوقم دەبێت. لایەنی مرۆیی تەنها ڕوویەکی مەسەلەکەیە. لایەنی درێژماوەتر و سیاسی- مێژوویتری مەسەلەکە و ئاکامەکانی ئەم پرۆسەیە بەنسبەت ئەو شۆڕشە سۆشیالیستییەوە لە ڕووە مرۆییەکەی کەمترسناکتر نییە. خودی ئەم هێرشە مانای ماددیی شۆڕشی سۆشیالیستی لای ئەو جەماوەری خەڵکەی کە بڕیارە لەم ڕێگەیەوە ڕزگاریی بەدەست بێنێت، ئاوەژوو دەکاتەوە. سۆشیالیزم شۆڕشێکە لە پێناو خۆشگوزەرانی و کۆتاییهێنان بە بێمافییەکانی مرۆڤە. شۆڕشێکە دژی ئازار و توندوتیژییەک کە ناوەڕۆکی ئەسڵی کۆمەڵگەی تا ئێستای پێک هێناوە. شۆڕشێکە لە پێناو ئازادی، خۆشی و شادی و توانای داهێنەرانەی مرۆڤەکاندا. بەڵام هێرشی سەربازیی بۆرژوازیی جیهانی، ئەم ڕووداوە لەخوێن هەڵدەکێشێ و لەگەڵ بێبەشی، هەژاری، تەریککەوتنەوە، فیداکاری، تەحەمولی نەخۆشی و دەرد و خەم و بێبەشی زیاتر هاوتای دەکاتەوە. تەنانەت سەرکەوتنی یەکجاریی شۆڕش تا چەندین ساڵ، ناتوانێت ئەم دێوەزمەیە لە قۆناغی دروستبوونی کۆمەڵگەی نوێ دوور بخاتەوە. ئەم گوشار و بێبەشییانە ئاکامی ماددییان بۆ شۆڕش و ڕەوتی بەرەوپێشچوونی هەیە. دەبێتە هۆی پەرەپێدانی مەیلە دواکەوتووەکان کە ناسیۆنالیزم و قەومپەرستی و دین و پیاوسالاری، تەنها نموونە دیار و بەرجەستەکانییەتی. ڕێز و بەهای گیان و ئاساییشی مرۆڤ لای خودی مرۆڤەکان دێنێتە خوارەوە. سۆشیالیزم تا ئاستی دابەشکردنی هەژاری دێنێتە خوارەوە و چەندین شتی لەم بابەتە. کەوایە پرسیار لەسەر نەبەزی و لەشکاننەهاتوویی ئێمە نییە. ئەگەر جەنگێکی ئاوهامان بەسەردا بسەپێنن، ئەوسا ئەرکی سەرشانمانە کە سەرکەوتن بەدەست بێنین. بەڵام ڕێگاچارەی واقیعی بە ڕای من، لە نەفیکردنەوەی ئەم مەترسییەدایە. وە ئەمەش دەمانگەیەنێتە کۆڵەکەیەکی بنەڕەتیی شۆڕشی کرێکاری، یانی خەسڵەتی نێونەتەوەییبوونی چینی کرێکار و سۆشیالیزمی کرێکاری. بە تێڕوانینی من، خەسڵەتی نێونەتەوەیی چینی کرێکار و جەوهەری ئینتەرناسیۆنالیستیی کۆمۆنیزمی کرێکاری ئەو فاکتەرەیە کە سۆشیالیزم لە دنیای ئەمڕۆدا دەکاتە ئەڵتێرناتیڤێکی ماددی و واقیعی. شۆڕشی کرێکاری لە وڵاتێکی وەک ئێراندا پێویستە بە یارمەتی هێزی چینی کرێکاری جیهانی و بە تایبەتی چینی کرێکاری ئەو وڵاتانەی کە ڕابەرایەتی میلیتاریزم و عەسکەرتارییەتی بۆرژوایی لە ئاستی جیهانیدا دەکەن، لە هێرش و گوشاری سەربازی و ئابووریی جیهانی بپارێزرێت. ئەمە شتێکی واقیعییە. بە تێڕوانینی من، کرێکار لە ئێران پێویستە بیر لەوە بکاتەوە کە کام یەک لەمانە واقیعی و کامیان خەیاڵییە: ئەوەی کە پەرلەمان لە ئێران بێتە سەرکار و ئازادیی مانگرتن و ڕێکخراوبوون و هەڵسووڕانی کرێکاری و کۆمۆنیستی ببنە شتێکی قانوونی و سەرمایەدارانی ناوەوە و دەرەوە و سوپای بۆرژوایی و کانگستەرە (چەتە) سیاسییە چەکدارەکان، هەر لە ڕەوتی پانئیسلامیی حیزبوڵڵاوە بگرە، تا ناسیۆناڵ-ئیسلامییەکان، پاشاییخوازان، فاشیستەکان و عەزەمەتخوازان، ئەم هەلومەرجە نوێیە قەبووڵ بکەن و چەکەکانیان دانێن و بۆن لە خۆیان بدەن و بێنە نێو پەرلەمانەوە، یان ئەوەی کە کرێکار دەسەڵات بەدەستەوە بگرێت و بە یارمەتی کرێکارانی ئەڵمانی، فەرەنسی و ئەمەریکی خۆی لە دەستەویەخەبوون لە هەڵوێستی لاوازەوە لەگەڵ شەڕێکی نەویستراودا بپارێزێت؟ بە تێڕوانینی من بار و دۆخی ئەمڕۆ ئەوە دەسەلمێنێت، کە ئینتەرناسیۆنالیزمی کرێکاری تەنها پرانسیپێک و باوەڕێک، وە یان بڕواهێنان و هەستکردنێکی تاقانەی چینایەتی نییە، بەڵکوو چەکێکی کارا و واقیعییە لە جەنگی چینایەتیدا. پێویستە ئەم چەکە بێنینە مەیدان و بیخەینە کار. ستراتیژی ئێمە بۆ دوورکەوتنەوە لەو تراژیدیایەی کە بۆرژوازیی جیهانی دەیەوێت لە وڵاتێکی وەک ئێراندا بەسەر شۆڕشی کرێکاریدا بیسەپێنێت، هەوڵ و تێکۆشانە بۆ پێکهێنانی ڕیزێکی جیهانیی کرێکاری، کە پارێزگاری لەم جۆرە شۆڕشانە بکات. لەوانەیە ئەو ترسەی کە ئەمەریکا و ڕۆژئاوا دەیانەوێت لە دڵی جەماوەری زەحمەتکێشی جیهاندا بیچێنن، وایان لێ بکات زیاتر بەلای بەڵێنە نیوە دیموکراتیکەکانی ئۆپۆزیسیۆنی بۆرژوایی ئەم وڵاتانەدا بچن. "ئێمە تێک ناشکێین" هەر چەندە باوەڕێکی شۆڕشگێڕانە و شێلگیرانە بێت، ناتوانێت وەڵامی ئەم مەسەلەیە بداتەوە. وەڵامی واقیعیی، ڕێکخستنی ماددییانەی ئینتەرناسیۆنالیزمی کرێکاری لە ئاستە جیاوازەکاندایە.


مەبەستی من لەم پێداگرتنە لەسەر ئینتەرناسیۆنالیزم هەرگیز ئەوە نییە کە شۆڕشی کرێکاری لەسەر ئاستی جیهانی نەبێ لەنێو دەچێت. من تیۆری دروستبوونی سۆسیالیزم لە ڕێگەی تەقینەوەیەکی گەورە و هاوکاتی جیهانییەوە بەڕاست نازانم. لە ڕێڕەوی واقیعی مێژوودا، ئەگەری ئەوە زۆر زیاترە کە کرێکاران لە گۆشەیەکی دنیادا دەسەڵات بەدەست بێنن، بێ ئەوەی کە لە بەشەکانی تری جیهاندا ئەم تواناییە هەبێت. هەر بۆیە سۆشیالیزمی کرێکاری ناچار دەبێت، لەم یان لەو وڵات و فڵانە کۆمەڵە وڵاتەدا، تەواوی بەرنامەکەی خۆی، چ سیاسی و چ ئابووری پیادە بکات. بە ڕای من، ئەوەی کە چارەنووسسازە ئەوەیە، کە چینی کرێکار لە وڵاتەکانی تر و بە تایبەتی لەو وڵاتانەدا کە پێشەوای میلیتاریزمی بۆرژواییین لە ئاستی جیهانیدا، ئەم هۆشیاری و ڕێکخستنە ئینتەرناسیۆنالیستییەی هەبێت، کە دەستی بۆرژوازیی وڵاتەکەی خۆی لە پیادەکردنی هەر سیاسەتێکی هێرشکەرانە و دەستدرێژکەرانەی سەربازی ببەستێت. ئەمە عەمەلی و قابیلی بەدیهاتنە.

* * *

**سەرچاوە: دمکراسی: تعابیر و واقعیات - "انترناسیونال"، شمارەهای ٤ تا ٧ - اسفند ١٣٧١ تا مرداد ١٣٧٢، فوریە تا ژوئیە ١٩٩٣**

**وەرگێڕانی: ئاوات سەعید**

**تایپکردنەوەی: نەسرەوت عوسمان**



نەغدەدە عوسمان: ئەم مانگرتنە جارێکی تر ئەوەی بیری خەڵک خستەوە کە ئەم دەسەڵاتە ناتوانێ ئەم هەرێمە بەڕێوە بەرێ دەبێ ڕێگا چارەیەکی تر بدۆزینەوە بۆ ڕزگارکردنی...

# دیمانەی بۆپێشەوە لەگەڵ هاوڕێ نەغدەدە عوسمان یەکێك لە سیما ناسراوەکانی بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەری لە کوردستان...سەبارەت "نارەزایەتی و مانگرتنی مامۆستایان و فەرمانبەران و ئایندەی ئەم بزوتنەوەیە"...

**بۆپێشەوە:** ماوەی چەند ڕۆژێکە شەپۆلێکی تری نارەزایەتی مامۆستایان و فەرمانبەران، دەستی پێکردۆتەوە، نارەزایەتی و مانگرتن و خۆپیشاندانی ئەم جارەی مامۆستایان فەرمانبەران جیاوازی لەگەڵ خۆپیشاندان و نارەزایەتییەکانی پێشوودا چییە؟

**نەغدەدە عوسمان:** نارەزایەتی وەک خۆی باقیە، بەڵام ئەمجارە نارەزایەتیەکان شێوەی مانگرتنی لەخۆ گرت، ئەمەش ئەنجامی خەمساردی حکومەتی هەرێمە بەرامبەر بە داواکارییەکان و بژێوی موچەخۆران. موچەخۆران زیاد لە دەساڵە بۆ وەرگرتنی موچەی مانگێک دەبێت چەندین مانگ لە سەرجادە هاواربکەن و بەگژ کەمتەرخەمی دەسەڵاتدا بچنەوەو هیلاکیەکی زۆر بتۆشن بێ هودە. ئەمە جگەلەوەی مامۆستایان و فەرمانبەران چەندین جار فرسەتیان خستە بەردەم دەسەڵات بۆ چارەسەرکردنی کێشەی موچە، بەڵام موچەخۆران نائومێدی نەبێت هیچی تریان نەچنیەوە، ئەنجامی ئەم نائومێدیەش بووە هۆکاری گۆڕینی شێوەی نارەزایەتییەکان سەرەڕای بایکۆتی دەوام و چونە سەرجادە بە چەندین مانگ، بەڵام دەسەڵات هیچ باکی نەبو لە بێزاری و ئەو دۆخە پڕ ئازاری نەبونی و قورسی گوزەرانەی موچەخۆران بۆیە لە کۆتایدا لەلایەن چەند مامۆستاو فەرمانبەرێکەوە بڕیاری مانگرتن درا لە خواردن، هەرچەندە ئەمە ژیانی ئەو پۆلە مانگرتوەی خستە لێواری مەرگ، بەڵام هێشتا دەسەڵات تا ئێستاشی لەگەڵ بێت هەر بێباکەو خواستەکانیش لە شوێنی خۆی بێ وەڵا ماون.

**بۆپێشەوە:** لە ساڵی ٢٠١٤ وە، کێشەی موچە لە پاشەکەوتی موچەوە، بۆ لێبڕین و دواختستنی بەردەوامە، و هەموو ساڵێک بەرپرسانی دەسەڵات ڕایدەگەیەنن کە چارەسەی پرسی موچە دابەشکردنی دەکەن و چەند جارێکیش باسی چارەسەری موچەیان کردووە کەچی کێشەی موچە بەردەوامە، هۆکاری سەرەکی نەدان و دواختستنی موچە چییە؟ ئایا پارتی و یەکێتی بەرپرسی ئەم کێشەیەن یان دەسەڵاتی بەغدا؟

**نەغدەدە عوسمان:** لەم هەرێمەدا هەرچی کێشەیەک بەرەو ڕوی خەڵک بێتەوە بێگومان تەنها، بەرپرس دوو حیزبی دەسەڵاتن، کێشەی موچە لە کۆتا مانگەکانی ساڵی ٢٠١٣ وە سەری هەڵداوە تا ئێستا کە ساڵی ٢٠٢٥ کۆتایی نەهاتوە بەمەش موچەخۆر توشی بێئومێدی بوە، ئەنجامی گفتی بێبنەما لەلایەن حکومەتی هەرێم و بەغداوە.

هۆکاری سەرەکی دواکەوتنی موچەی موچەخۆرانی هەرێم، بە سیاسیکردنی ناردنی بودجەو موچەیە، کە هەردولایان بە گوێرەی ئاستی هاوسەنگی هێزیان بە ئارەزوی خۆیان یاری و سەوداو مامەڵە بە ژیان و گوزەرانی موچەخۆرانەوە دەکەن، هیچ کات ناگەنە بڕیارێکی دڵخۆشکەر بۆ موچەخۆران، هەروەها لەلایەکی تریشەوە وەڵام نەدانەوەی دەسەڵاتی گەندەڵی حکومەتی هەرێمە بە داواکاریەکانی وەزارەتی دارایی عێراق و بڕیارەکانی دادگای فیدراڵی.

**هۆکاری سەرەکی دواکەوتنی موچەی موچەخۆرانی هەرێم، بە سیاسیکردنی ناردنی بودجەو موچەیە، کە هەردولایان بە گوێرەی ئاستی هاوسەنگی هێزیان بە ئارەزوی خۆیان یاری و سەوداو مامەڵە بە ژیان و گوزەرانی موچەخۆرانەوە دەکەن...**

**بۆپێشەوە:** چ سەرۆکی هەرێم و چ وتەبێژی حکومەت و چ یەکێتی نیشتیمانی... کە خۆیان لە دەسەڵاتدان هەم لێدوانیان داوەو هەم پشتیوانی خۆیان بۆ داواکانی مامۆستایان و فەرمانبەران دەربڕیووە، چۆن دەروانە لێدوان و پەیام و پشتیوانەکانیان؟

**نەغدەدە عوسمان:** لەوانەیە سەرۆکی حکومەت، لە دەورەکانی پێشوودا گفتێکی جێبەجێنەکراویاندابێ، بەڵام ئەم دەورەیەی پێش دوا هەڵبژاردن کە هێشتا حکومەتەکەی پێکنەهاتوە هیچ گفتێک و لێدوانێکیان بۆ موچەخۆر نەبوە، بگرە بە ئاسانترین شێوە ساڵانە و بەم ساڵیشەوە چاوپۆشی و بێدەنگی لەموچەی چەند مانگێک دەکەن و دوایش زۆر نابەرپرسانەو بێشەرمانە دەڵێن وەزارەتی عێراق بەرپرسە لە نەدانی موچە! لەکاتێکدا موچەخۆر نازانن کێ ڕاستە، حکومەتی عێراق کەدەڵێت موچەم ناردووە یان دەسەڵاتە گەندەڵەکەی هەرێم کەهەرچی متمانە هەبێت لای خەڵک نەی ماوە. موچەخۆر لەنێوان گەمەی سیاسی نابەجێی دوو دەسەڵاتی هاوشێوە گەندەڵ و مافیا و نا بەرپرس دەرگیر بووە، ئەوە تەنها خەڵکی زەحمەتکێش و موچەخۆرە کە دەستەڕۆو سفرە بەتاڵ و گیرفان داتەکاو ماوەتەوە.

**بۆپێشەوە:** مامۆستایان و فەرمانبەران بەتایبەتی مامۆستایان گرێبەست، بریار بوو لەهەولێر و خۆپیشاندان بکەن بۆ خواستەکانیان، بەڵام زۆر زوو پارتی نوێنەری مامۆستایانی گرت و ڕێگەی نەدا هیچ کۆبونەوەیەکی نارەزایەتی لە هەولێر و دهۆک بەڕێوەبچێت... پرسیار ئەوەیە پارتی تا کەی دەتوانێت لە ڕێگەی ترساندن و زیندان و سەرکوتەوە بەر خۆپیشاندان و هاتنە مەیدانی خەڵکی نارازی بگرێت؟

**نەغدەدە عوسمان:** دەسەڵاتی زۆنی زەرد هەمیشە پەنای بۆ ڕێگریکردن لەهەر نارەزایەتییەکی خەڵک بردووە بەعس ئاسا، ڕەفتاری کردوە، هەروەها یەکەم جاری نییە خەڵکی خاوەن ماف زیندان بکات یان مامۆستا بەرشەق بدات، کە بۆتە پەڵەیەکی ڕەش بەناوچەوانیەوە ڕۆژێک دێت باجی ئەو ڕەفتارە نامرۆڤانەیەی بدات، پارتی هەر دەسەڵاتی خۆی نەسەپاندوە بەسەر زۆنی زەردا، بەڵکو هەرکاتێک بزانێت دەسەڵاتەکەی لەهەولێر بەهۆی نارەزایەتی هەر شارێکی کوردستانەوە دەکەوێتە مەترسیەوە، لەبری وەڵامدانەوە و بەتەنگ هاتنی خەڵکەوەهەڕەشەو داوای دامرکانەوەی دەکات یان هەڕەشەی ناردنی هێزی خۆی دەکات بۆ نەهێشتنی نارەزایەتیەکان، نمونەکەشی نارەزایەتی حەقدەی شوبات بوو لە سلێمانی کە هەردوو زۆنی زەردو سەوزی هێنابوە لەرزە، بۆیە یەکێتی سەرپشک کرد لە دامرکانەوەی بەسوتاندنی خێمەو مەنەسەو باقی شتومەکەکانی و ڕاونانی خەڵکی نارازی لەکاتی شەودا کە خەڵکێکی کەمی لێ بوو، بەمەرجێ یەکێتی ڕۆژ نەبو خەڵکی نارازی نەگری و چەندین کورو

**لەم هەرێمەدا هەرچی کێشەیەك بەرەو ڕوی خەڵك بێتەوە بێگومان تەنها، بەرپرس دوو حیزبی دەسەڵاتن، کێشەی موچە لە کۆتا مانگەکانی ساڵی ٢٠١٣ وە سەری هەڵداوە تا ئێستا کە ساڵی ٢٠٢٥ کۆتایی نەهاتوە...**

منداڵی خەڵکیان لەسەرجادە کوشت و بریندار کرد بەڕۆژی ڕوناک، بەهەزاران پۆلیس و ئاسایش و هێزە تایبەتەکانی خۆیانیان بەرامبەر بە خەڵکی برسی و ناڕازی شاری سلێمانی لەسەر جادەکان جێگیر کردبو هەر وەک ئەوەی لەشەڕێکی گەورەو چاوەڕوانی ئەوەبن کە هێرشی دوژمنی دەرەکی بکرێتە سەر، ئەو هێزەش تەنها بەرامبەر خەڵکێک ئامادەکرابو کە داوای خزمەتگوزاریان دەکرد، چونکە ئەوکاتە موچە بە ئاسانی لەلایەن عێراقەوە دەگەیشتە هەرێم. خەڵکی هەردوو زۆن هەمیشە بەدەست هەڕەشەی هەردوو دەسەڵاتی یەکێتی و پارتیەوە دەناڵێنن تەنها جیاوازیەکە ئەوەیە کە یەکێتی بە حکومی لاوازی پێگەو نفوزی سیاسی لە هاوکێشەی سیاسی ناوچەکەدا و ناکارامەیی ململانێی سیاسی لەبەرامبەر پارتیدا، فرسەتی هێرشکردنی بۆسەر خەڵک سنوردارترە، ئەمەش دۆخێکی ئاواڵەی بۆ دانیشتوانی زۆنی سەوز پێکهێناوە کە بتوانن هەناسەیەکی زیاتر بدەن و بتوانن شێوازەکانی نارەزایەتییەکانیان دەربڕن، دەنا گەر ئەو باڵادەستیەی پارتی پیادەی دەکات، گەر یەکێتی هەمان پێگەی ببوایە لە پارتی کەمتری نەدەکرد.

**بۆپێشەوە: بەشیک لە مامۆستایان و فەرمانبەران دەستیان داوەتە مانگرتن لە خواردن... ئەم شیوازە تا چەندە دروستەو دەتوانێت دەسەڵات ناچار بە جیَ بەجێکردنی خواستەکانیان بکات؟**

**نەغەدە عوسمان:** دەسەڵاتێک گەر وەڵام بە خۆپیشاندان و بایکۆتکردن و بارەگا سوتاندن و..هتد، نەداتەوەو باکی نەبێت، چۆن لەبەرابەر مانگرتن لە خواردن هەستی دەجولێت، پێموایە گەر تەواوی خەڵکی کوردستان مان لەخواردن بگرن، ئەم دەسەڵاتە دەڵێت سودی بۆ ئابوری کوردستان هەیە، بۆیە مانگرتن لە خواردن شێوازێکی کاریگەر نییەو لە ئەنجامیشدا تەندروستی ژیانی کەسانێک دەبێتە قوربانی، ئەوەی لەم مانگرتنەدا دەستکەوتێک بو بۆ بردنە پێشەوی نارەزایەتییەکان جەماوەرێکی بەرفروان بو بە کۆبونەوە لەبەردەم خەیمەی مانگرتوانداو داخستنی دوکانەکان، بەوەی داوایان کرد مانگرتن لە خواردن کۆتایی بێت، ئەم کۆبونەوە جەماوەرییە هەنگاوێکی پێشرەوانەی جەماوەری نیشاندایین، بۆیە پێویستە لە ئەنجامدا خەڵکی ناڕازی ئاستی نارەزیەتییەکانیان لە شێوازێکی فراوانترو بەهێزترو ڕێکخراوتر بەرنە پێشەوە کە چۆک بەدەسەڵات بدات و ناچار بە گۆڕانکاری یا هەڵاتنیان بکات.

**بۆپێشەوە: بێگومان نارەزایەتی و مانگرتن و کۆبونەوەو چادرهەڵدانی مامۆستایان و فەرمانبەران ڕەوایە و دەتوانێت کاریگەری لەسەر کەشی گشتی کۆمەڵگە هەبێت، بەڵام ئایا کوبونەوە و مانگرتن و چادر هەڵدان بەتەنها دەتوانیت ئەو کاریگەرییەی هەبێت و دەسەڵات ناچار بە وەڵامدانەوە بەخواستی مامۆستایان و فەرمانبەران، بکات؟ یان پێویستە ڕیگەو شیوازی کاریگەرتر دەستی بۆ ببرێت؟**

**نەغەدە عوسمان:** هەڵبەتە ئەوەی نارەزایەتییەکان لە ماوەی سی ساڵ زیاتری دەسەڵاتی بارزانی و تاڵەبانیدا، نەیتوانیەوە ئاڵۆگۆڕێکی دڵخۆشکەر بەدەست بهێنێت، دەتوانم بڵێم، هۆکاری زۆر هەن، کە هەر لەسەرەتاوە جەماوەرێکی بەرین لە هەرێم لە خۆشخەیاڵی و ئومێد بە حزبەکانی کوردایەتی تێوەگلابون، هەمیشە لە چاوەڕوانی ئەوەدابون چاکسازیەک بە بەرژەوەندی خەڵک بەدەست بێت، زۆجار لە هەڵبژاردنەکاندا دەبینن، لەدوای چەندین تورەیی و نارەزایەتی، بەڵام بەدوو بانگەشەی ساختەو درۆ لەدەوری سندوقەکانی هەڵبژاردن کۆدەبنەوەو دەنگ ئەدەن، بە بۆچونی خۆم فەزای زاڵ بونی بیروباوەڕی ناسیۆنالیستی کاریگەری لەسەر خەڵک هەیەو ڕێگرە لەبەردەم گەشەو ڕێکخراوبونی نارەزایەتیەکاندا، هەروەها بارزانی و تاڵەبانی لە ماوەی ئەم سی ساڵەی دەسەڵاتیاندا کاری بێبەزیانە و نائینسانانەی ئەنجامداوە لە بێ ئیرادەکردن و شکۆ شکاندنی خەڵکدا، لە هەمان کاتدا، بێ ئومێدی خەڵک لەوەی بە ئاراستەی بەدیلێکی تر بە جدی وەرگرن لە چاوەڕوانیدا ماونەتەنەوە، دۆخی سیاسی زۆر بێ متمانەی کردون، چاوەڕوان دەکەن دۆخەکە بە هێزێکی دەرەکی و بە ئەگەری ئاڵوگۆڕێک کۆتایی بە دەسەڵاتی پارتی و یەکێتی بهێنێت، ئەمەش مانای ئەو پەڕی بێئومێدی و دابەزینی ئاستی نارەزایەتیەکانە.

**بۆپێشەوە: یەکێتی نیشتیمانی کە خۆی هەم بەشێکە لە حکومەت!! و هەم بەکردەوە دەسەڵاتی یەکەمی زۆنی سەوزە، کەچی بەرپرسیاریەتی موچە دەخاتە سەر دەسەڵاتی هەولێر و وەکو ئۆپۆزیسیۆنی دەسەڵات خۆی نیشان دەدات و دەڵێن پشییوانی لە خواستی مانگرتوان دەکەن، چۆن دەڕوانە ئەم مامەڵەیەی یەکێتی؟**

**نەغەدە عوسمان:** ئەوە ئاشکرایە کە یەکێتی لە ململانێ لە بەرامبەر پارتیدا وەک پێشتر ئاماژەم پێدا پێگەیەکی لاوازتری هەیە، بۆیە هەمیشە وەک هێزی دووەم و پاشکۆی پارتی دەردەکەوێت و دەبێتە تەواوکەری پێکهێنانی حکومەتی هەرێم، لە هەمان کاتدا هەمیشە یەکێتی بەدوای هەلێکدا دەگرێت کە چۆن هاوسنگی هێزەکەی لە بەرامبەر پارتی ڕاگرێت یان بەهێز تری کات، بۆ ئەمەش کاری زۆر کردووە و سەرنەکەوتووە، لە هەمان کاتدا لە هەوڵی ئەوەدایە بە جۆرێک ئاراستەی نارەزایەتی جەماوەری بگۆڕێت بەدژی پارتی و خۆی لە هەر بەرپرسیاریەتێک لە بەرامبەر خەڵک بدزێتەوەو خۆی بێبەری بکات، لە کاتێکدا بۆ خۆشی هاوبەشە لە حکومەتەکەی پارتیدا. بۆیە پێویستە نارەزایەتیەکانی زۆنی سەوز زیاتر پێداگری لەسەر بەرپرسیاریەتی یەکێتی بکەن، گەر یەکێتی ناتوانێ وەڵام بداتەوە و خۆشی وەک ئۆپۆزیسیۆنێکی پارتی نیشان ئەدات، با بفەرمێت و ماڵئاوایی بکات و کۆتایی بەدەسەڵاتی خۆی لە زۆنی سەوزدا بهێنێت، خەڵکی هەرێم دەسەڵاتداری بێدەسەڵات و ملکەچی ناوێت.

**بۆپێشەوە: چۆن دەروانە پشتیوانی کۆمەڵگە لە خواستی مامۆستاو فەرمانبەران و ئەو پشتیوانییە دەتوانێت چ ڕۆڵێکی هەبێت لە بەسەرکەوتن گەیاندنی مامۆستایان و فەرمانبەران؟**

**نەغەدە عوسمان:** ئەوەی جێی دڵخۆشی بوو لە ڕۆژانی مانگرتنەکەدا، جارێکی تر هاتنە دەرەوەی خەڵکی ناڕازی بوو بۆ دەربڕینی نارەزایەتییەکانیان بەڕوی دەسەڵاتدا و نیشاندانی پشتیوانیەکی ئینسانی و مەزن بوهێزدان بە مانگرتوان کە زۆر بە جۆش و خرۆشەوە داوایان کرد مانگرتن لەخواردن کۆتایی پێ بهێنرێت و نارەزایەتی بەردەوام بێت لە ئاستێکی بەرزتر و پێشڕەوتردا. جارێکی تر دەسەڵاتیان بەرپرس کرد لە هەر بێمافیەک، دەسەڵاتیان بەرپرس کردبو لە سەلامەتی مانگرتوان و تەندروستیان، ئەم مانگرتنە جارێکی تر ئەوەی بیری خەڵک خستەوە کە ئەم دەسەڵاتە ناتوانێ ئەم هەرێمە بەڕێوە بەرێ دەبێ ڕێگا چارەیەکی تر بدۆزینەوە بۆ ڕزگارکردنی خۆمان، ئەوەش بۆ خۆی هێزێکی تری دایەوە بەخەڵک کەدەبێت بەبێ وەستان لەگەڵ خەڵکی ئازادیخواز هەروەک ئاماژەم پێدا پلانی نوێمان هەبێت بۆ داهاتویەکی نزیک.

**بۆپێشەوە: بە ڕای ئێوە، چۆن**

**خەڵکی هەردوو زۆن هەمیشە بەدەست هەڕەشەی هەردوو دەسەڵاتی یەکێتی و پارتیەوە دەناڵێنن تەنها جیاوازیەکە ئەوەیە کە یەکێتی بە حکومی لاوازی پێگەو نفوزی سیاسی لە هاوکێشەی سیاسی ناوچەکەدا و ناکارامەیی ململانێی سیاسی لەبەرامبەر پارتیدا، فرسەتی هێرشکردنی بۆسەر خەڵك سنوردارترە...**

**مانگرتن لە خواردن شێوازێکی کاریگەر نییەو لە ئەنجامیشدا تەندروستی ژیانی کەسانێك دەبێتە قوربانی، ئەوەی لەم مانگرتنەدا دەستکەوتێك بوو بۆ بردنە پێشەوی نارەزایەتییەکان، جەماوەرێکی بەرفروان بوو بە کۆبونەوە لەبەردەم خەیمەی مانگرتوانداو داخستنی دوکانەکان،...**

دەکرێت نارەزایەتی و مانگرتنی ئەم جارەی مامۆستایان و فەرمانبەران بەسەرکەوتن بگات و دەسەڵات ناچار بێت، کۆتایی بە دواخستنی دابەش کردنی موچە بهێنێت و وەڵام بەداخوازییەکانی تریان لەوانە دامەزراندن و پلە بەرزکردنەوە...تاد، بداتەوە...؟

**نەغەدە عوسمان:** چاوەڕوانی لەدەسەڵاتێکی ئاوا لای خەڵک وەک دەڵێن بێ مواسەفات، یان نەخوازراوو..هتد هیچی لێ سەوزنابێت بۆیە

**پێویستە جەماوەری نارەزایی وەها بێتە مەیدان کە ئامادەیەو ئەتوانێ دەسەڵاتێك هەڵوەشێنێتەوەو جۆرێکی تر لە دەسەڵات دامەزرێنت، کە بنەماکەی دەسەڵاتی خەڵکەو دابینە دەخالەتی ڕاستەوخۆی خەڵك دەکات لەدەسەڵاتی سیاسیدا.**

کاتێتی خەڵک بڵێت گەر حکومەتی کوا مافەکانمان؟ کوا موچە وهەر شتێک کە شایستەی ژیانی ڕۆژانەی خەڵکە؟ کوا ئەی هەموو ئەو حیزبانەی کاتی هەڵبژاردن لەژێر دەست و پێی خەڵکی فەقیرو هەژارو موچەخۆردا دەتوێنەوەو زۆر بێشەرمانە هەزاران وەعدی باق و بریق دەدەن بەخەڵکی خۆشخەیاڵ و هەرجارە بە چەندین فرت و فێڵ سندوقەکانی دەنگدانی پێ پڕدەکەنەوە تا دەگەنە مەرامی خۆتان، هەر کە کارتان تەواو بوو جارێکی تر وەک گورگی برسی دەکەونەوە گیانمان، دەسەڵاتێک چوارساڵ جارێک بۆ بەرژەوەندی خۆی بیریکەوێتەوە کەسانێک هەیە لێی بەرپرسە موچەخۆرن موچە دابین ناکات، سەدان زانکۆی کردۆتەوە بۆ ڕوتانەوەی گیرفانی خێزانەکان بەناوی خوێندن و بڕوانامەوە نە کار هەیە نەدامەزراندن تا بژێوی ڕۆژانەیانی لێوەدەستکەوێت، فەرمانبەرت هەیە چەندین ساڵە بەئارەزوی خۆت و بێ هیچ بڕیارێک تەرفیعت لێ زەوت کردوە، هیچ سێکتەرێکی ژیانی خەڵک نەماوە وەک دڕکی ژەهراوی پێیدا نەچەقیت، تەنها خەمتان سەرمایەگوزاری خۆتان و بنەماڵەکانتانە، نارەزایەتی و هاواری خەڵکی ئەم هەرێمە گەیشتۆتە ئەوپەڕ دنیا، بۆیە تەنها ڕێگا لەبەریەک هەڵوەشاندنوەی حوکمیانە چونکە هیچ نەماوە بەرامبەر خەڵک تاقی نەکەنەوە بۆ گیرفان بڕین و بێزارکردنیان لەژیان لەژێر سایەی ئەم خێڵەکیانەدا، پێویستە جەماوەری نارەزایی وەها بێتە مەیدان کە ئامادەیەو ئەتوانێ دەسەڵاتێک هەڵوەشێنێتەوەو جۆرێکی تر لە دەسەڵات دامەزرێنت، کە بنەماکەی دەسەڵاتی خەڵکەو دابینی دەخالەتی ڕاستەوخۆی خەڵک دەکات لەدەسەڵاتی سیاسیدا

# یەکەمین کۆنفرانسی ڕێکخراوی کوردستانی (کۆنگرەی ئازادی و گۆرانکاری) بەسەرکەوتوویی کۆتایی بەکارەکانی هێنا!

بە ئامادەبوونی ژمارەیەک لە رابەران و هەلسوڕاوان و چەندین کەسایەتی بزووتنەوە نارەزایەتییەکان ، کە لە شارە جیاوازەکانی کوردستانەوە هاتبوون، هاوکات لیژنەیەکی شورای ناوەند لە بەغدادەوە هاتبوون بەشداریان لەم کۆنفرانسەدا کردو لە کەشێکی پڕ لە جۆش و خرۆش و شۆڕشگێرانەو پڕ لە ئیرادەدا، لە ٣١/١١/٢٠٢٥ لە شاری سلیمانی یەکەم کۆنفرانسی ڕێکخراوی کوردستان (کۆنگرەی ئازادی و گۆڕانکاری) بەڕێوەچوو.

پاش ساتێک وەستان بۆ ڕێزگرتن لە گیانبەختکردوانی ڕێگای ئازادی، بەڕێوەبەرایەتی کۆنفرانس بەخێرهاتنی هەمووانی کردو پاشان متمانەی بەشداربووانی بۆ دەست بەکاربوون بەدەستهێنا، دواتر دەنگدرا بەمەوازینی بەڕێوەچوونی کارەکانی کۆنگرە، پاشان خشتەی کاری کۆنفرانسەکە خرایە ڕوو کەپێکهاتبوو لە:



١-راپۆرت و هەلسەنگاندنی کارەکانی کۆنگرەی ئازادی و گۆڕانکاری لە کورستان!

ئەم ڕاپۆرتە تەنها پەیوەست بوو بە سنوری کاروباری کوردستان، ئەویش بەرچاوترین کارەکان خرانە ڕوو، کە لە مانگرتنی یەک مانگەی شاری کفریەوە دەست پێدەکات، کە ژمارەیەک لە دیارترین رابەرانی ئەم نارەزایەتیە هاوڕێیانی کۆنگرەی ئازادی بوون کە دەورێکی بەرچاویان هەبوو لە رابەری کردنی ئەو جولانەوەیەدا

کە پاش مانگێک راوەستاوی توانیان هەرسێ سەرۆکایەتیەکەی حکومەتی هەرێم بهێننەسەرخەت زۆربەی داخوازیەکانیان بەدەست بهێنن.

دووهەم: کرکوک □□ هەلسوڕاوانی کۆنگرە لە شاری کرکوک سەرباری ئەوەی لەزۆربەی نارەزایەتیەکانی ئەم شارەدا بەشدارییانکردوە، هاوکات لەگەڵ نارەزایەتیەکانی گەڕەکی نەورۆز، عەرەفە هەروەها ناوچەی تۆپزاوا□.. دەوری بەرچاویان هەبوو بۆ سەروسامان پێدان بەو نارەزایەتیانەی

کە خەڵکی ئەم گەڕەکانە لەلایەن سوپای عێراقەوە هێرشیان کرابووە سەر بەمەبەستی ئەوەی خانوەکانیان پێچۆڵ بکەن، بەلام تائێستەخەلکی ئەو گەرەکانە دژ بەو سیاستە ڕەگەزپەرستانە وەستاونەتەوەو نەتوانراوە جێبەجێ بکرێت□.. .

سێهەم: نارەزایەتیەکانی مامۆستایان و کارمەندان: وەک ئاگادارن سالی ڕابردو بۆ ماوەی پێنج مانگ ژمارەیەکی بەرچاو لەهەڵسوڕاوانی کۆنگرەی ئازادی بەشداری جیدی و لێبڕاوانەیان کرد لەزۆربەی نارەزایەتیەکانی ئەو قۆناغەداو لە ئاستێکی بەرچاودا هەلسوراوانی کۆنگرە دەوری بەرچاویان لە نێو ئەم جولانەوەیەدا گێڕاوە...

لەو ماوەیەدا هەڵسوڕانی کۆنگرە دەیان کۆبوونەوەو دیداریان لەگەل ئەنجومەن و ناوەندەکانی نارەزایەتیەکاندا ئەنجامدا لە زۆربەی ئەو شارانەدا کە خۆپیشاندانی تێدا هەبووە. بەشێک لەێ هاوڕێیان دەوری باڵایان هەبوو لەئیدارەو ڕابەریکردنی ئەو جوڵانەوەیەو ئیبتیکاریان بەخەرجدا بۆ بەرەوپێش بردنی نارەزایەتیەکان □

چوارەم: لەدەسپێکی کارەوە، یەکێک لەخاڵە بەهێزەکانی هەڵسوڕانی کۆنگرەی ئازادی، کارکردن بووە لەنێو هەڵسوڕاوان و ڕابەراندا، کە هەتا ئێستا بەشێک لەکەسایەتیە دیارەکانی شەقام لەنێو کۆنگردا خۆیان .

پێنجەم : ئامادەیی و دەخالەتی هەڵسوڕاوانی کۆنگرەی ئازادی و دەرکەوتنمان لەسەدان دیدارو چاوپێکەوتن و گفتوگۆو کۆنگرەی ڕۆژنامەوانی و مراسیمو ڕووداو کە ئەمەش مەیدانێکی گرنگ بووە بۆ کاریگەربوون لەسەر بیروڕای گشتی و گەیاندنی ڕوانگەو دنیابینی خۆمان بەکۆمەلگای کوردستان.

شەشەم : داگیرکاری تورکیاو و بەرنگاری هەلسوراوانی کۆنگرەی ئازادی لە پایزی سالی ڕابردووەوە حکومەتی تورکیا بازنەی داگیرکاریەکانی فراوانتر کردەوە، بۆیە کۆنگرەی ئازادی لەگەل چەند ڕێکخراوێکدا کارێکی هاوبەشی ئەنجامدا کە دوای ١٧ شوبات بۆ یەکەم جار لەگەل چەند ڕێکخراوێکدا چونە بەردەرکی سەراو کۆنگرەی ڕۆژنامەگەریان ئەنجامدا کە دەنگدانەوەیەکی گەورەی بەدوای خۆیدا هێنا □.

حەوتەم: کەمپەینی دژ بەئەهلی کردنی کەرتی تەندروستی، جگە لەوەی کە باش بەرەوپێش چووە، هاوکات بووەتە خالێکی پرشنگدار بۆ ناسینی کۆنگرەی ئازادی لەنێو کۆمەڵگادا، بەجۆرێک کە ئەمە بەڕۆشنی لەنێو دەزگاکانی ڕاگەیاندندا دەبینینەوە کە تەنیا لەم ماوەیەدا زیاتر لە ٦٠ چاوپێکەوتن و دیدار لەگەڵ هەڵسوڕاوان ئەنجامدراوە، جیاواز لەمەش سەدان هەزار کەس لەڕێگەی دەزگاکانی ڕاگەیاندنەوە کارەکانی ئێمەیان لەپەیوەند بەم کەمپەینەوە بینیووە.

دواتر هەلسەنگاندنێکی هەمەلایەنە لە کارەکان کراو بە ڕۆشنی خالە لاوازەکان دەستنیشان کران، کە بەجیاواز بلاوی دەکەینەوە!

دووهەم / تەوەری سەرەکی کۆنفرانس بەناونیشانی ( ریکخراوبوون خالی وەرچەرخانی کۆمەلگایە، کەلەگرەی بوونی پرانسیکی ڕێکخراوەی و جێکەوتنی ڕابەریەکی شۆڕشگێردایە!

لەبەر گرنگی باسەکە ئەم بابەتە لە ڕۆژانی ئایندەدا بە جیاواز دادەگرین!

بڕیارنامەو بابەتەکانی دواتر:

## درێژەی.... لە ١٧ شوباتەوە، تا ئێستا

لە ١٧ شوباتدا بزوتنەوە کۆمەڵایەتیەکانی تری وەک بزوتنەوەی کرێکاری و خوێندکاران و مامۆستایان و فەرمانبەران و توێژە بێبەشەکانی تر پەیوەست بە بزوتنەوەی نارەزایەتی شەقام سنوردار بوو، ئێستا بزوتنەوەی نارەزایەتی کرێکاری دەستی بەجمین و جوڵەی بەرچاو کردووە، بزوتنەوەی خوێندکاران بە هێزێکی کۆمەڵایەتیەوە هێزی خۆی نمایش کرد. مامۆستایان و فەرمانبەران هەر ئێستا لە بەرامبەرکێیەکی گەورەدان لەگەڵ دەسەڵاتی تالانچی و مافیایی. ئەگەر لە ١٧ شوباتدا، پشتیوانی بزوتنەوەکان لە یەکتری لە ئاستی کردەنیدا کەم و بەتەسک بوو، ئێستا هاوئاهەنگی لەنێوان بزوتنەوە کۆمەڵایەتییەکاندا پێشرەوی کردووە. ئەگەر لە ١٧ شوباتدا دەسەڵات پێگەی قایمتر و توانای فریوکاری سەرکوتی زۆر بوو، ئێستا دەسەڵات پێگەی لەرزۆک و شلۆق و توانای سەرکوتی کەمترە و جەماوەر تا ڕادەیەکی زۆر ترسی لە دەسەڵات شکاوە. ئەگەر لە ١٧ شوباتدا دەسەڵات پاساوی هەرەشەی دەرەکی بەتایبەت عێراقی بەدەستەوە دەگرت، ئێستا خۆیان دەستیان لەناو دەستی ناسیونالیزم و ئیسلامی سیاسی عێراق و هەرەشە دەرەکیەکاندایەو لەبەردەم بارەگاکانیاندا بۆ موچەو پۆست، هەڵکوڕماون. ئەگەر لە ١٧ شوباتدا رەوتگەلی ئیسلامی وەکو ئۆپۆزیسیۆن و بەوێنەی ئیخوانی موسلمینەوە نوێژی سیاسییان داهێناو توانایی خۆیان نمایش دەکرد، ئێستا سەرجەم بزوتنەوەی ئیسلامیەکان لە داعشە ڕەسەنە ئیسلامیەکەیانەوە بۆ یەگگرتووە دیماگۆجییە شلەتێنەکەیان، ڕوو لە پاشەکشەن و پشت و پەنای ئەردۆغانیەکەیان، روو لە داڕمانە.

ڕابەرانی بزوتنەوەی کرێکاری و جەماوەری و سەرجەم بزوتنەوە کۆمەڵایەتیەکانی تر، پێویستە ئەو ئاڵوگۆرە هەمەلایەنەیەی لە ١٧ شوباتی ساڵی ٢٠١١ وە تا ئێستا پێکهاتووە لە خەبات و تیکۆشانیاندا لەبەرچاو بگرن. کە سەرجەم ئەو ئاڵوگۆڕانە هاوسەنگی هێزی بەسودی بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەری ستەمدیدە گۆڕیوەو لەهەر راسان و بزوتنەوەیەکی فراوانی کۆمەڵایەتیدا دەتوانێت رۆڵی کاریگەر لە یەکلایکردنەوەی پرسی دەسەڵاتی سیاسیدا بگێرێت. دیارە هەموو ئەو ئاڵوگۆرانە لەگەڵ ئەوەدا بە سودی بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەییە، بەڵام دوو فاکتەری تر رۆڵی سەرەکی لەسەرخستنی بزوتنەوەی جەماوەریدا بەرەو مەنزڵی خۆی دەگێڕێت. رێکخرابوون و یەکگرتووبوون و هاوئاهەنگی نێوان بزوتنەوە کۆمەڵایەتیەکان لەلایەک و کۆبونەوە لەدەوری ئاسۆیەکی سیاسی رۆشنی شۆرشگێرانە...

**ناوەراستی فیبریوەری٢٠٢٥**

## درێژەی...یەکەمین کۆنفرانسی ڕێکخراوی کوردستانی (کۆنگرەی ئازادی و گۆرانکاری) بەسەرکەوتوویی کۆتایی بەکارەکانی هێنا!

پرۆژەی ئیمکاناتی دارای...

پرۆژە بڕیاریک لەسەر ئیمکاناتی دارای پرۆژە بڕیارێک لەسەر دیاری کردنی ئەولەویەتی کارەکانی کۆنگرەی ئازادی بۆ ئایندەدا لەم باسەدا تەئکید لەسەر هەموو ئەو ڕێگەو رەوشتانە کرایەوە کە دەکرێت کۆنگرەی ئازادی کاری بۆ بکات، لە چەشنی مافی ئەندامیەتی ، وەرگرتنی کۆمەک و هاوکاری لە هەر کەس و لایەنێک ، بەبێ هیچ قەیدوبەندێک، لە ڕێگەی رێکخراوەکانی دەرەوەی وڵات، هەروەها لە ڕێگەی لێدانی پرۆژەوە کە لەمبارەوە شکار عوسمان چوراچوەی گشتی ئەم پرۆژەیەی خستە ڕوو کە بووە مایەی پێشوازی لێکردنی بەشداربووان.

دوو بڕیارنامەی کۆنفرانس بە ناونیشانی ١- سەرخەتی پێرەوی ناوخۆی ڕێکخراوی کوردستانی کۆنگرەی ئازادی و گۆرانکاری !

هەروەها ٢- ( بەرنامەی کاری لەپێشینەی شەش مانگی داهاتووی کۆنگرەی ئازادی و گۆڕانکاری) کە بەشێوەی سەربەخۆ بلاوی دەکەینەوە!

هەلبژاردنی ئەنجومەنی ناوەندی ڕێکخراوی کوردستانی کۆنگرەی ئازادی

کەپێکهاتبوو لە : ئازاد مەجید ، سروشت هاواری، فەرهاد سەمەد، شنە علی خەیات، کامەران مامە عەلە، مامە سوارە، حمەی مانگر، بەهادین حاجی بەکر دارتاش ( ڕێبوار عارف) شکار عوسمان ، حەمە ڕەوف، خەبات لەتیف،

وتەی کۆتای کۆنفرانسی یەکەم ..

لە کۆتای کۆنڤرانسەکەدا جارێکی تر

بەهادین حاجی بەکر دارتاش، سەرباری دووپاتکردنەوەی ئاراستەی گشتی باسەکانی کۆنفزانس سوپاس و ستایشی هەموو بەشداربوانی کۆنفرانسەکەی کرد، ئەم هەنگاوەی ئەمڕۆی بە بەشێک سەرکەوتنی نارەزایەتیە جەماوەیەکانی کوردستانی لەقەلەمدا.

**ڕێکخراوی کوردستانی کۆنگرەی ئازادی و گۆرانکاری**

**٢,٢,٢٠٢٥**

## درێژەی دوا وتە

ئەو دۆخە بەتایبەتی ناهەستاری و ناپەرپرسیاریەتی دەسەڵات وای کردووە، کە لەناو دڵی نارەزایەتیەکاندا چەندین نەریت و شیوازی خەباتکارانە سەر هەڵبدەن و بەدەستەوە بگیرین... بەڵام لە پاڵ ئەوانەدا دەستبردن بۆ مانگرتن لەخواردن و دەم درون و... دەستیان بۆ دەبرێت. ئەم نەریتە لەگەڵ ئەوەدا بەرگری و جەنگێکی ئازایانەیە، بەڵام سلبی و مەترسیدارە.

مانگرتن و خۆپیشاندان و کۆبونەوەو بایکۆت، شێوازی خەباتن بۆ باشترکردنی ژیان و ناچارکردنی دەسەڵات بەوەڵامدانەوە، بەڵام مانگرتن لە خواردن و دەم درون و ...تاد، نەک ژیان باش ناکەن و بەڵکو مەترسی دەخەنە سەر ژیان و دەسەڵاتی سیاسییش باکی بە مانگرتن لە خواردن و دەم درون نییە. دەسەڵات هێندەی لە کاری فراوانی جەماوەری و رێکخراو و سەراسەری و ئامانجدارانە دەترسێت، نیو ئەوەندە گوێ بەوە نادات کێ ژیانی دەکەوێتە مەترسی و مەرگەوە. دەسەڵاتی سیاسی هەرێم تەنانەت زۆر سەغڵەتی ئەوە نییە بۆ چەند مانگ مامۆستایان و فەرمانبەران و خەڵکی نارازی لە جێگایەک کۆببنەوەو مان بگرن، بەڵکو لەوە دەترسێت شوینی کار و ژیان ببیتە مەیدانی نارەزایەتی و کۆبونەوە. لەوە دەترسێت مانگرتن و کۆبونەوەکان دەست بۆ ئیدارەکردنی خۆیان ببەن. لەوە دەترسێت فەرمانبەران لە شوێنی کارەکەیان دەست بەسەر ئیدارە و داهاتدا بگرن و خۆیان دابەشی بکەن. لەوە دەترسێت کۆبونەوەکان ببنە رێگر لە تانکەرە نەوت و بازرگانیەکان. لەوە دەترسێت ئاپۆرەی جەماوەری بچیتە بەردەم بارەگا سەرەکیەکانی حزب و ماڵە دەستڕۆشتوەکانیان. لەوە دەترسێت کۆبونەوەکان ببرێنە بەردەم خاڵە سنوری و گومرگیەکان و شادەماری ئابوری و بازرگانی کردنیان ببەستن. ئەوانە ئەو شیوازانەن کە دەسەڵات تەکان دەدات و ناچاریان دەکات وەڵام بدەنەوە.

مانگرتن لەخواردن و دەم درون، ئازایەتیەکی سلبییە، ئازایەتیەکە کە ڕوو بە دەسەڵاتێکی نابەرپرس و نا ئینسانی و هەست سز، ناتوانێت کاریگەری گەورە و یەکلایی کەرەوەی هەبێت... بۆیە لە جێگای ئەوە پێویستە مامۆستایان و فەرمانبەران ڕیگاکانی تر و شیوازەکانی تری خەبات دەست بۆببەن. ئەگەر چادر هەڵدان و کۆبونەوە و مانگرتن لە سەنتەری شار و کەشی گشتیدا مانای گرنگی خۆی هەیە و هەنگاوێکی گرنگی خەباتکارانەیە، بەڵام ڕیکخراو بوون، ئاسۆی رۆشن بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکان، خۆشباوەر نەبوون بە هیزی بودەڵەی ئۆپۆزیسیۆن. گواستنەوەی کۆبونەوەو خۆپیشاندانەکان بۆ ناو ناوەندکانی کار و گەرەک و ناو فەرمانگەکان و دەستبردن بۆ شادەماری ئابوری و رێگری لە دەرهێنانی نەوت و تانکەرە نەوتەکان و خاڵە سنوری و گومرگیەکان و بردنی ئاپۆرەی جەماوەری نارازی بۆ بەردەم بارەگای حزبییە سەرەکیەکان و ماڵە بەرپرسەکان، ئەو شیوازانەن کە دەکرێت بەدەستەوە بگیرێن و دەسەڵات ناچار بەبزوتنی هەست و بە بینین کاریگەری و بەگوشاری بەرجەستە بکەن...

مانگرتن و لەخواردن و مەترسی لەسەر ژیان دروست بوون و لاوازبوونی جەستەیی و تیکچوونی تەندروستی... پێچەوانەی ئامانجی خەباتکارانەی جوڵانەوەی جەماوەرییە، کە بۆژیانێکی باشتر هەمیشە ئامادەیی هەیە. مانگرتن لە خواردن یان دەم درون... هیز بە بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەری نابەخشێت و توانای فەردی و رۆڵی کەسی مانگرتوو لە خواردن لاواز دەکات و شیوازێکی تەندروست لە مەیدانی خەباتی جەماوەری و سیاسیدا نییە. دەبێ لە جێگای ئەوە شیوازە تەندروست و وزە بەخشەکان بۆ بەرەوپیش بردنی بزوتنەوەی جەماوەری بەدەستەوە بگیرێت و توانای زاڵ بوون بەسەر لاوازییەکانی خۆیدا هەبێت.

**ناوەراستی ٢٠٢٥**

ساڵی هەشتەم ژمارە (185) بەرواری 15–2–2025

# بۆپێشەوە

FORWARD بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە

# Forward


بۆپێشەوە

سەرنووسەر: عەبدوڵا مەحمود

هاوکاری سەرنووسەر: ئاراس ڕەشید

ڕاوێژکاری سەرنووسەر: ڕێبوار ئەحمەد



بۆناردنی بابەتو پەیوەندی:

bopeshawa@gmail.com

بۆ پەیوەندی بەسەر نووسەرەوە:بۆناردنی بابەتو پەیوەندی:

abdulla.mahmud@gmail.com


بۆ خویندنەوەی بابەت و وتارەکانی بۆپێشەوە سەردانی سایتی بۆپێشەوە بکەن:

www.bopeshawa.net


نووسەرانی ئەم ژمارەیە:

دیار بەرزنجی، نەغەدە عوسمان، جیهاد حەمە کەریم، ئارام حەمە ساڵح، کامەران محەمەد، ڕێبوار یاسین، عامر سابیر، وریای ڕەسام، سەلام سەعید، کاوان قادر، ئاراس ڕەشید، عەبدوڵا مەحمود، ڕێبوار حەمەشەریف...

## دۆسیەی ژمارە "بزوتنەوەی ناڕەزایەتی مامۆستایان و فەرمانبەران"؟

## کاتێک بزوتنەوەیەکی ناڕەزایەتی، لە پشتیوانی کۆمەڵگە بەهرەمەند دەبێت!!



لایەنی هەرە بەهێزی بزوتنەوەی ناڕەزایەتی مامۆستایان و فەرمانبەران لەلایەکەوە ڕاکێشانی پشتیوانی بەرینی کۆمەڵگە لە مانگرتوان و خواستەکانیان و لەلایەکی ترەوە دوکان و بازار داخستن و شکاندنی مانگرتن لە "خواردن و خواردنەوە" ی مانگرتووان بوو لەسەر داوای کۆمەڵگە و خەڵکی ئازادیخواز...

## دوا وتە

# مانگرتن لە خواردن... شێواز و بەرگرییەکی سلبی!!

عەبدوڵا مەحمود

لە ناو جەرگەی نارەزایەتی بەرفراوانی گشتی خەڵکی کوردستاندا، بەتایبەتیش مامۆستایان و فەرمانبەران بە دژی بێ موچەیی و لێبرین و دواخستن و راگرتنی پلەبەرزکردنەوە و دامەزراندن و ...تاد. کۆبونەوە و چادرهەڵدان و خۆپیشاندان جارێکی تر دەستی پێکردۆتەوە و سیمای زۆنی سەوزی گۆریووە. لە زۆنی زەردیشدا، کە نارەزایەتی و تورەیی لێوان لێوە، لە رێگای سەرکوتی سیاسی بەردەوام و پیش وەختەو بە نەخشەوە، رێگری لەوە کرا کە مامۆستایان و وانەبیژان و فەرمانبەران کۆببنەوە و خۆپیشاندان بکەن.

لەناو ئەو کۆبونەوەو خۆپیشاندانانەدا، نەریتی دەستبردن بۆ مانگرتن لە خواردن وەکو شیواز و ڕیگایەکی گوشار بۆسەر دەسەڵات لەلایەن ژمارەیەک لە مامۆستایان و فەرمانبەرانەوە دەستی بۆ براوە. ئەم شیوازە لە نارەزایەتی دەربرێن، لە بنەرەتەوە ریشەی لە بێدەربەستی و خەم ساردی دەسەڵاتی سیاسی هەریمدایە.

دەسەڵاتی سیاسی هەرێم و هەردوو زۆنەکە... زیاتر لە سێ دەهەیە هاوار و نارەزایەتی چینی کرێکار و جەماوەری بەشمەینەتی کوردستان بەگشتی و مامۆستایان و فەرمانبەران، بەتایبەتی نابیستن و گوێ لە خواستەکانیان ناگرن. دۆخی ژیان وگوزەرانیان نابینن و هەست بە کاریگەری نەبوونی و نەداری ناکەن. دەسەڵات خۆی بەوێنەی کەڕ، کوێر، هەست مردوو، ویژدان سڕ... دەخاتە روو.

زیاتر لە ١٠ ساڵە مامۆستایان و فەرمانبەران، لە دۆخی نارەزایەتی و کۆبونەوە و مانگرتن و خۆپیشاندان بایکۆتدان لە پێناو موچە دابەشکردنی لەکاتی خۆی و لێ نەبرین و پلە بەرزکردنەوەو تەوتین و...تاد، کەچی دەسەڵاتی سیاسی جگە لە بەڵێنی "چارەسەری دەکەین" "لەگەڵ بەغدا لەهەولداین"" بەغدا بەرپرسیارە لە موچە"" هەر موچە هات دابەشی دەکەین" بەکردەوە نەک وەڵامیان بە مامۆستایان و فەرمانبەران نەداوەتەوە، بەڵکو تا هاتووە دۆخی ژیان و گوزەرانیانی وێرانتر و سەختر کردووە. ئەوە لە کاتێکدایە هەر لەو ماوەیەدا، نوخبەی سیاسی و بنەماڵە دەسرۆشتوەکان و بەرپرسە حزبی و حکومیەکانیان، سەرمایەکانیان لە هەڵکشانێکی سەرسوڕهێنەر، دزی و تالانیان بێ ئەوپەر بووە.

بۆ لاپەڕە 13




## بەرهەمێکی نوێی هونەرمەند وریای ڕەسام